# گەوهـەری موسـڵمان

**لە فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی رێی خوادا**

نــــــــاوی کتێب:  گەوهــەری موسڵمان
نــاوی نووســــەر:  جــوتیـار بامـــەڕنی
نـــاوی وەرگـــێڕ : نـهــــاد جـــــلال
دیزاینی ناوەوە و بەرگ: زەردەشت کاوانی
نۆبەتـــی چـــاپ:  یـــــەکــەم ٢٠٢٠
تـیـــــــــــراژ:  ١٠٠٠٠ دانـــــــــــه

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ١٩٦٠ ) ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە

# گەوهەری موسڵمان

## لە فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوادا

نوســـینی

**جوتیار بامەڕنی**

وەرگێڕانی

**نهـــاد جـلال**

## پێشەكیی

**د. عبدالواحد محمد صالح**

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، صەلات و سەلامی خوا لە پێغەمبەر و یاران و شوێنكەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

بەسە بۆ فەزڵ و گەورەیی ئەم كتێبە، كە باسی بابەتێك دەكات، پیشەی خۆشەویستترین و نزیكترین كەسانی لای خوا بووە، خودی بابەتەكەش، شارێگەی نزیكبوونەوەیە لە خوای گەورە، ئەنجامەكەشی نزیككردنەوەی خەڵكە لە پەروەردگار، واتە سەراپای بابەتەكە، بەجێگەیاندنی فەرمانی خوا و خۆچواندنە بە كارو ئاكاری پێغەمبەران و دەستكەوتنی پاداشت و نزیكبوونەوەیە لە خوا.

گرنگیی و گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوا جێدەهێڵم بۆ نووسەری پایەبەرز (بانگخواز مامۆستا جووتیار بامەڕنی) كە بە جوانی گرنگیی بەو بابەتە داوە، تەنها گرنگترینی گرنگییەكان بە نموونە دەهێنمەوە هەتا بزانین ئەم كتێبە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت، دەیەوێت پێمان بڵێت: هەژمارێكی بانكیی بكەرەوەو ڕۆژانە بڕێك داهاتی تێدا دابنێ، هەموو ڕۆژێك چەند قات قازانج دەچێتە سەر هەژمارەكەت بێ ئەوەی هیچ زیانێك

بکەیت، قازانجەکەش بە سوو بۆت هەژمار ناکرێت، بەڵام ئەم داهاتەیان بانگەوازەو قازانجە بەردەوامەکەش، چاکەی بەردەوامی ئەو کەسانەیە، کە سوودمەند بون لە بانگەوازەکەت، بە مردنیشت، کە هەرچی دەرگای چاکەکردنە بە ڕووتدا دادەخرێت، ئەم دەرگایان داناخرێت و بەردەوام چاکەی بانگەوازەکەت دێتە سەر هەژمارەکەت.

بەراستی ئەم بازرگانییە هیچکات بەراورد ناکرێت بە بازرگانییە کاتیەکانی دنیا، چونکە قازانجی گەورەی ئەم بازرگانییەیان، لە ڕۆژێکدا دەدرێتەوە دەست خاوەنەکەی، کە تەنها ئەوە دادی دەدات و فریای دەکەوێت.

زۆر گرنگە تاك بە تاکی موسڵمان، ئەم کتێبە بخوێنینەوەو وەك بەشێك لە بەرنامەی کاری ڕۆژانەمان مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە دەستمان دەگرێت بۆ باشترین و پڕسوودترین ڕێی دروست، نووسەرەکەشی پێش ئەوەی ئەم شتانە بۆ ئێمە باس بکات، خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەشێکی زۆری جێبەجێ کردووەو ئێمەش کە ماوەیەك لە خزمەتیدا بوین، شایەتیی بەشێکی ئەو ئەزموون و دڵسۆزییەی بۆ دەدەین.

لە خوای گەورە داواکارین بەرەکەتی زیاتر بخاتە کار و بانگەوازیەوەو نیەتی نووسەر و ئێمەش، پاك و پوخت لەپێناو زاتی الله بپارێزێت.

وصلی الله علی محمد و علی آله و صحبه وسلم

عبدالواحد محمد صالح

## کاندیدکراویت هەتا ببیتە یەکێک لە بانگخوازانی ڕێی خوا

هیچ شتێك، وەك خەمی بڵاوکردنەوەی چاکە، ناتجووڵێنێت بۆ بانگەوازی ڕێی خوا، دڵنیاش بە کە بەشێکی گەورەی ئەم خەمەت تێدایە، بە بەڵگەی ئەوەی دەستت داوەتە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە، بۆیە ئێستا تۆ کاندیدکراویت بۆ ئەوەی ببیتە بانگخوازێکی ڕێی خوا و لەسەر دەستی بەڕێزتان، هەزاران، بگرە ملیۆنەها کەس موسڵمان ببن، تەنها ئەگەر خوای گەورە حەزی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆی و ویستی بەهێزی کارکردن لەپێناو خوا، لەنێو دڵتدا بەدی بکات.

کارکردن بۆ کێ؟ بەڵێ، بۆ خوا، جا بیهێنە پێش چاوی خۆت، چ گەورەییەکە بانگەواز بۆ ڕێی خوا بکەیت، نەوەك بۆ خۆت یان حیزبێك یان گرووپ و کۆمەڵێك، یان کەسایەتییەك، یان بازرگانییەك، ئەمەش بازرگانییەکی گەورەیە لەگەڵ پەروەردگاردا، بازرگانییەك، کە تەنها قازانجە و هیچ زەرەر و زیانێکی تێدا نییە.

( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ )

جوان لەم ئایەتە گەورەی قورئان رابمێنە.

## یەکەم پێشینە

بە ناوی خوا و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، صەلات و سەلامی خوا لەسەر پێیغەمبەری خوا، پاشان..

یەکێك لە گرنگترین ئەرك و لەپێشینەترینی پێشینەکانی ئەمڕۆمان، زیادکردنی ژمارەی بانگخوازانی خۆبەخشە بۆ دوو مەبەست:

١- بانگەوازکردنی موسڵمانان بۆ پابەندبوون بەپەیامەکەیانەوە.

٢- بانگەوازکردنی ناموسڵمانان بەرەو ئیسلام.

هەتا ببینە هاوکاری ئەم دەستەیە، کلیل و بەهرەیان پێ ببەخشین و پێناوی بانگەوازییان بۆ دەستەبەر بکەین.

سوپاس بۆ خوای گەورە، بەدەمەوەهاتنی گەنجان بۆ چاکە و ڕووکردنە کەناراوەکانی تەوبە و تەوبەکاران، ڕوولەزیادبوونە، حەزی سەرخستنی دین و قوربانیدان لەپێناویشیدا هەیە، هاودەم بەو هەموو خێرەی کە دنیای داگرتووە، بەڵام هێشتا زۆرن ئەوانەی کە فەزڵ و گەورەیی ڕاستەقینەی بانگەواز نازانن و خۆیان بێبەش دەکەن لەو پێگە بەرز و گەورەییە باڵایە.

بەداخەوە، زۆرێك لە پیاوچاكان، خۆیان سەرقاڵ دەكەن و لەدەست بەرپرسیارێتی بڵاوكردنەوەی ئایین رادەكەن، بۆیە یەكێك لە ئامانجەكانی ئەم نامیلكەیە بریتییە لەوەی بە ویستی خوا، پیاوچاكان ببنە چاكساز، ئیتر كاتی ئەوە هاتووە وەستانێك بوەستین و پێش ئەوەی كار لەكار بترازێت، لێپێچینەوەیەكی خۆمان بكەین.

پێم خۆش بوو بە جوانی فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی رێی خوا بخەمەڕوو، باسی ئەو پلە و پایە بەرزەی ئەو ئیشكەرانە بكەم كە سەرقاڵن بە چاكسازیی و روونكردنەوەو فێركردنی چاكە، بەڵكو دەست لەدەست، پێكەوە خەوتووەكان بێدار بكەینەوەو بە بیرخستنەوەی راستێتیی بانگەواز، چەندەها دڵی زیاتر بەدەست بهێنین، بەڵكو ئیشكەرەكانمان گوڕو تین و چالاكییان زیاتر بێت.

لە خوا دەپاڕێینەوە لەو كەسانەمان بگێرێت كە خەمی ئەم دینە هەڵدەگرن و هەوڵ دەدەن لە ئاسۆكانەوە، لەسەر مەنهەج و بەرنامەی دروست، ئەم ئیسلامە بڵاوبكەنەوە.

هیواشم وایە، هەستتان ورووژابێت بۆ هەڵگرتنی ئەم بیرۆكەیە[1] و هەركامان پلانێك دابنێین بۆ فێركردن

---

(١) بیرۆكەی رازیكردنی دەروون و كەسانی دیكەش بە فەزڵ و گەورەیی بانگەواز.

و هاودەمێتیی ژمارەیەك گەنج هەتا بەرگەی ئەو بەرپرسیارێتیە بگرن کە لەسەرشانیانە، چونکە ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بەوەیە لە چاکە و لەخواترساندا هاوکاری یەك بین و لەسەر چاکبوون و چاکسازیش هەماهەنگ و دەستباری یەك بین.

وصلی الله و سلم علی نبینا وقدوتنا محمد

جوتیار بامەڕنی
خوا لە خۆی و دایك و باوکی خۆش بێت

## گەورەیی ئەم ئوممەتە

سوپاس بۆ خوای گەورە کە گەورەیی ئەم ئوممەتەی خستۆتە نێو بانگەواز بۆ دینەکەی و ڕازاندنەوەو جوان نیشاندانی لەنێو سەرجەم ئوممەتانی تردا، ئەمەش ئەرکی سەرجەم ئوممەتی موحەممەدە (صلى الله عليه وسلم)، بانگەواز بۆ ڕێی خوا، واجبی سەرشانی ژن و پیاو، هەژار و دەوڵەمەندانی ئەم ئوممەتەیە، چونکە بانگەوازی کەسی ناموسڵمان، چارەسەری کێشە گەورەکەیە، چارەسەری ئیلحاد و بێباوەڕیی لەنێو مرۆڤایەتیدا، ئەگەر ئەم کێشەمان چارەسەر کرد، سەرجەم کێشەکانی دیکەش بە ئاسانی چارەسەر دەبن و ئاشتەوایی لەنێو مرۆڤایەتیدا بڵاو دەبێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ)،[١]

---

(١) - آل عمران: ١١٠.

(ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵک گەیاندن بە مەردم و ڕێنمایی کردنیان، بۆیە فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە کاری خراپەو شیرک دەگرن و باوەڕیشتان بەخوا هەیە).

ئەگەر بە راستی فەزڵ و گەورەیی بانگەواز و بانگخواز لای خوا بزانن و تێبگەن خوای گەورە چ پلە و پایەیەکی تایبەتی پێداون، چ پاداشت و ڕێز و بەرزیی و پێگەو مەنزڵێکی بۆ ئامادە کردون، بە دڵنیاییەوە وازتان دەهێنا لە دنیا و پێکهاتەکانی و ئەمڕۆ پێش سبەی، رووتان دەکردە ئەم ئەرکە و پەشیمانیتان دەردەبڕیی بەرامبەر هەر هەناسەیەك کە لە دەرەوەی بانگەوازی ڕێی خوادا کێشاوتانە.

هەر هەناسە و عارەقەیەك کە لە غەیری ڕەزامەندی خوادا دەریدەکەیت، لە ڕۆژی دواییدا ئاە و پەشیمانیی بەدواوەیە، چونکە ڕۆژانی ژیانی دنیا، لەچاو ملیۆنەها ساڵی مانەوەی نێو بەهەشت یان دۆزەخی ڕۆژی دواییدا، زۆر کەم و بێهوودەن، ئەم ڕۆژانە هچ نین لەچاو خۆشییەکانی بەهەشتێکدا کە چاو نەیدیون و گوێ نەیبیستون و بە بیرو خەیاڵی کەسدا نەهاتون.

## پێوەری جیهانیی
## بۆ ئامادەسازیی بانگخوازان

زیاتر لە هەشت ملیار مرۆڤ هەن، ئەمانە پێویستیان بە چەند بانگخواز هەیە؟[١] ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەدات کە پێشبینیی دەکرێت هەتا ساڵی (٢٠٣٠) ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە حەوت ملیارەوە زیاد بکات بۆ هەشت ملیار و نیو،[٢] لە ماوەی سیانزە ساڵی داهاتوویشدا، ژمارەی دانیشتوان بە بڕی یەك ملیار کەس زیاد بکات، هەتا ساڵی (٢٠٥٠) یش، ژمارەی دانیشتوان بگاتە دە ملیار کەس.[٣]

ئەگەر پێوەری جیهانی بەم چەشنە بێت: بۆ هەر چوار سەد کەس، یان ژمارەیەکی لەو چەشنە، پێویست

---

(١) من مقال (مهارات الدعاة في القرن الحادي والعشرين) للدكتور جمال يوسف الهميلي في موقع (mqqal.com).

(٢) موقع الامم المتحدة (http://www.un.org).

(٣) https://arabic.rt.com

بە پزیشکێك بکات،[١] ئەگەر هەمان ڕێژە بۆ هەر بانگخوازێکیش وەربگرین، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەتا ساڵی (٢٠٣٠) پێویستمان بە بیست ملیۆن بانگخواز هەیە، دەی خۆ ساغ و سەلامەتی جەستە لە دنیادا، لەپێشتر نیە لە ساغ و سەلامەتی ڕۆح و جەستەش لە هەردوو دنیادا.

## پێش ئەوەی دەست لە خوێندنەوە هەڵبگریت:

هەرچییەك سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوا دەزانیت، بینووسە.

**ئامانج لەم چالاکییە:** چالاککردن و بەهێزکردنی یادگەمان بە فەزڵ و گەورەیی بانگەوازو چۆنێتی گواستنەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ کەسانی دی لە ڕێگەی دواندن یان پێشکەشکردنی کۆڕ و وانە و خولەوە.

## یەکەم: فەزڵ و گەورەیی بانگخواز لای خوا

بانگخوازان چاکە بڵاو دەکەنەوەو ئەرکی پێغەمبەرانی خوا بەجێدەگەیەنن، بانگخوازان بێ چەن و چوون،

---

(١) جريدة الإقتصادية (https://www.alaqt.com/2013/09/29).

چاکترینی ئەم ئوممەتەن، هیچ وتەیەك لە وتەی ئەوان باشتر نیە، خوای گەورە دەفەرمویێت:

**(وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)**،(١)

(کێ لەو کەسە قسەی جوانترە، خەڵک بەرەو یەکخواناسیی و بۆ ئیسلام کردنە پەیڕەوو پرۆگرام بانگ دەکات و کردەوەی چاکیش دەکات، بە شانازیشەوە دەڵێت: من یەکێکم لە موسڵمانان).

هەروەها دەفەرمویێت: **(كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ)**،(٢)

(ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵک گەیاندن بە مەردم و ڕێنمایی کردنیان، بۆیە فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە کاری خراپەو شیرک دەگرن و باوەڕیشتان بەخوا هەیە).

هەروەها دەفەرمویێت: **(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)**،(٣)

---

(١) فصلت: ٣٣.
(٢) آل عمران: ١١٠.
(٣) آل عمران: ١٠٤.

(پێویستە هەمیشە کۆمەڵ و دەستەیەک لەئێوە ببێت ئەی موسڵمانان! مەردم بۆ ڕێی خێرو چاکە بانگ بکەن و فەرمان بەچاکە بدەن و ڕێ لەخراپە بگرن، دیارە ئەوانەن سەرفرازو بەختیار).

هەروەها دەفەرموێت: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)،[١]

(پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن هەردەم فەرمان بە چاکە دەدەن و لە خراپە ڕێگری دەکەن و هەڵئەسن بە نوێژ و زەکات دەدەن و ئیتاعەو ملکەچن بۆ فەرمانەکانی خواو پەیامبەرەکەی، ئەوە بێگومان خوا ئەوانە هەر دەخاتە بەر میهرەبانی و بەزەیی خۆی چونکە بێگومان خوا زۆر دەسەڵاتدارە، لە کارزان و کاربەجێیە).

بازرگانییەکی براوەو پڕقازانجیان ئەوەیە کە پاداشتیان بەردەوام و نەبڕاوەیە، وەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا)،[٢]

---

(١) التوبة: ٧١.

(٢) صحيح مسلم، الرقم ٢٦٧٤.

(هەرکەس بانگەواز بکات بۆ ڕێنموونی و ڕێی دروست، ئەوە وەك ئەو کەسەی کە شوێنی دەکەوێت، پاداشتی بۆ دەنووسرێت، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی شوێنکەوتەکانی کەم بکات).

بەخوا زۆر پێویستمان بەوەیە ئەم بەخششە لەدەست نەدەین، خۆ خوا ئایینی خۆی سەردەخات و پێویستی بە ئێمە نییە، وەك چۆن تەمیمی داریی ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ، وَلَا يَتْرُكُ اللهُ بَيْتَ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللهُ هَذَا الدِّينَ)،[١] (بە دڵنیاییەوە ئەم دینە دەگاتە هەر شوێنێك کە شەو و ڕۆژی پێ بگات، چی ماڵ و ڕەشماڵێکیش هەیە، جێ نامێنێت و خوای گەورە ئەم دینە دەباتە ناویەوە).

بانگەواز بۆ لای خوا، واتە بانگەواز بۆ چاکە و چاکەکاریی و مانەوە لەسەر ئایینی خوای تاك و تەنهای بەدیهێنەر کە تەنها خۆی شیاوی پەرستنە، چونکە تەنها زاتی خۆیەتی کە بەدیهێنەر و ڕۆزیبەخش و کارساز و خاوەن دەسەڵاتە، مەبەست بە بانگەوازەکەش، بانگهێشتی ناموسڵمانانە بۆ ئیسلام، هەروەها بانگهێشتی موسڵمانانی لاسار و بێئاگایە، ئەوانەی وابەستەی جگە لە خوان، هەموو ئەمانەو کەسانی دیکەش، بانگهێشت

---

(١) مسند أحمد بن حنبل، الرقم ١٦٩٥٧، صححه شعيب الأرناؤوط.

بکرێن بۆ گوێڕایەڵیی خوا و بەڵێن و موژدە و هەڕەشە و بەهەشت و دۆزەخی خوایان بیربخرێتەوە، بڵاوکردنەوەی چاکە و چاکەکاریی و جوانی و بەهاکانی ئیسلامیان بۆ بخرێتەڕوو.

ئەمەش، بڵندترین و شەرەفمەندانەترین پیشەیە، چونکە چەندین تایبەتمەندی و فەزڵ و گەورەیی تێدایە، فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوا زۆر گەورەیە و پاداشتەکەشی لەوە گەورەترە لە چەند نامیلکەو کۆڕ و خولێکدا باس بکرێت، بەڵام ئەمانە تەنها وەك نموونەیەك بۆ بیرخستنەوە دەخرێنەڕوو.

ڕێ بدەن بیربکەینەوەو لەو ئایەت و فەرموودانە رابمێنین کە باسی فەزڵ و گەورەیی بانگەواز دەکەن وەك ئەوەی یەکەمجار بێت بەرگوێمان بکەون.

## دووەم: بانگەواز ئەرکی پێغەمبەران بووە[١]

ئەو پێگە بەرزەی بانگەوازی ڕێی خوا کە پێغەمبەرانی خوای پێ ڕێزدار کراوە، خوای گەورە جیاواز لە ئوممەتانی دی، تایبەتی کردووە بەم ئوممەتەشەوەو تاجی پێغەمبەرانی خستۆتەسەر، ئەویش بانگەوازی ڕێی خوایە.

---

(١) عشرون دليلا على فضل الدعوة للشيخ سلطان بن عبدالله العمري.

بانگخوازی ڕێی خـوا، شوێنکەوتەی ئیبراهـیم و نـووح و مووسـا و عیسا و موحەممەده (سەلامی خوا لە هەموویان بێت)، جێنشینی پێغەمبەرانە لە گەیاندنی پەیامەکەیان و ڕۆیشتن لەسەر بەرنامەو ڕێبازەکەیان (اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ)، ئەمەش پلەیەکی بەرزەو شیاوی ئەوەیە لەپێناو گەیشتن بەو پلەبەرزە، قوربانیی بۆ بدرێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي).

(بڵێ ئەمە ڕێیی منە و بانگەواز بۆ ڕێی خوا دەکەم لەسەر بەرچاوڕوونی، خۆم و ئەوەشی شوێنم دەکەوێت).

پێشەوا کەلبیی دەڵێت (ئەرکی سەرشانی هەر کەسێکە کە شوێن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکەوێت، بانگەواز بۆ ئەو شتە بکات کە پێغەمبەری خوا بانگەوازی بۆ کردووە).[١]

کەواتە بانگەوازی بەم چەشنە، چاکترین پیشەیە، ئایا ئاواتی پێ دەخوازیت؟

---

(١) ئەم وتەیە لە ئیبن زەید و کەلبییەوە گێڕدراوەتەوە، بڕوانە: تفسير الطبري (٣٧٩/١٣).

ئایا دەبیتە کارمەند بۆ باشترین پیشە؟ بڕیار لای خۆتە، ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بوو، ئەوە بە ویستی خوا، بردنەوەیەکی گەورەت بەدەستهێناوە، دەی خۆڕاگر بە و بەرگە بگرە لەسەری، چونکە بەڕاستی لەگەڵ گەورەکاندا بەشداریت کردووە.

ئەمەش باشترین و بڵندترین و ڕێزدارترین پلەو پایەی بەندەیە، بەجێگەیاندنی ئەرکی پێغەمبەرانە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ)،(١)

(پێش تۆ هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت، ئەوا سروشمان بۆ دابەزاندووە کە بە خەڵکی ڕابگەیەنێت، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە من - الله - دەی تەنها من - الله - بپەرستن).

شێخی سەعدی -رەحمەتی خوای لێ بێت- لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: هەموو پێغەمبەرانی پێش تۆ، بە کتێبەکانیشیانەوە، پوختەو بنەڕەتی پەیامەکەیان بریتی بووە لە فەرمانکردن بە پەرستشی خوا بە تاك و تەنها و هاوەڵ بڕیارنەدان بۆی

---

(١) الأنبياء: ٢٥.

و ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە تەنها الله پەرستراوی حەقە و پەرستنی جگە لەو زاتە، هیچ و ناڕەوایە.[1]

بێگومان كاتێك كەسێك ئەم ئەركە بەجێدەگەیەنێت، ئەوە ڕێز و گەورەیی شوێنكەوتنی دەستدەكەوێت، بانگەوازیش ئەوەیە بەندەكان وا لێ بكەیت تەنها بەندەیی بۆ بەدیهێنەریان بكەن و پەیوەندییان لەگەڵیدا بەهێز بكەن، ئەمەش چاكترین و ڕێزدارترین ئیشە، مەگەر پیشەی پێغەمبەران ئەمە نەبووە؟

برای شیرینم، خوشكی بەڕێزم، پشكی تۆ چییە لە میراتی پێغەمبەرایەتیدا؟ چیت پێشكەش كردووە بە دینەكەت؟

خۆشبەختیی بۆ ئەو كەسەی كە ژیانی لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە خواویستانەدا بەسەر دەبات.

## سێیەم: بانگەواز چاكترینی گوفتار و كردارەكانە

بانگەواز بۆ ڕێی خوا، چاكترینی كردار و گوفتارەكانە، خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)،[2]

---

(١) تفسير السعدي (ص ٥٢١).
(٢) فصلت: ٣٣.

(کێ لەو کەسە قسەی جوانترە، خەڵک بەرەو یەکخواناسیی و بۆ ئیسلام کردنە پەیرەوو پرۆگرام بانگ دەکات و کردەوەی چاکیش دەکات، بە شانازیشەوە دەڵێ: من یەکێکم لە موسڵمانان).

سەعدی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ئەم نیشانەی سەرسوڕمانە، بە واتای نکووڵییەکی دانپێدانراو دێت، واتە هیچ کەسێك نیە قسەی لەوە باشتر بێت، چ لە ڕووی وتە و چ لە ڕووی ڕێ و ڕێباز و حاڵەتیشەوە (ممن دعا إلى الله) بانگەواز بکات بۆ ڕێی خوا بە فێرکردنی نەزانان و مشتومڕی ناحەقان، بە فەرمانکردن بە پەرستشی خوا بە هەموو چەشنەکانیەوە و هاندانی خەڵك لەسەری و باشتر ئەنجامدانی بەپێی توانا، هەروەها بە سەرکۆنەکردنی ئەوەی کە خوای گەورە ڕێگریی لێکردووەو ناشیرینکردنی ئەو شتانە بە هەر شێوازێك کە دەبێتە هۆی وازلێهێنانی، بەتایبەت لەم بانگەوازەوە کەسەکە بگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی ئایینی ئیسلام و بەباشی وەرگرتنی و مشتومڕکردن لەگەڵ دوژمنانی بە باشترین شێوە و دوورەپەرێزیکردن لە کوفر و هاوەڵدانان بۆ خوا و فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگریکردن لە خراپە.[1]

---

(١) تفسير السعدي (ص٧٤٩).

حەسەنی بەصری سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت: ئەمە خۆشەویستی خوایە، وەلی و نزیکی خوایە، ئەمە باشترین کەسی لای خوایە، ئەمە خۆشەویستترین کەسی سەر زەویە لای خوا، وەڵامی بانگەوازی خوای داوەتەوەو خەڵکی بانگهێشت دەکات بۆ ئەو پەیامەی خوا کە خۆی چووە بەدەمیەوەو لەو بەدەمەوەچوونەیدا کرداری باش و پەسەندی ئەنجامداوە، ئینجا دەڵێت: من لە موسڵمانانم، ئەم کەسە جێنشینی خوایە.[1]

گوفتاری باش، پێویستی بە داناییە، خوای گەورە دەفەرموێت:

(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)،[2]

(هەر بە ژیرانەو نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت و ئامۆژگاری شیرین و جوان، خەڵک بۆ رێگای پەروەردگارت بانگ بکە و بە چاکترو باشترین شێوە قسەو گفتوگۆیان لەگەڵ بکە).

---

(١) تفسير الطبري (٤٢٩/٢٠)، تفسير القرطبي (٣٦٠/١٥)، تفسير ابن كثير (١٨٠/٧).

(٢) النحل: ١٢٥.

## چوارەم: پاداشتی گەورەو هەڵڕژاو

لە گەورەییەکانی بانگەواز، بوونی پاداشتی گەورەیە، چونکە بانگخواز ڕێنموونی خەڵك دەکات بۆ حەق و ڕاستی و بەرەو لای پەروەردگار و پەرستراویان ڕێیان نیشان دەدات و دووریان دەخاتەوە لە هۆکارەکانی خەشم و تووڕەیی و سزای خوا، خوای گەورەش ئەوەی پێ خۆشەو پاداشتی لەسەر داناوە، لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبی (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووە: (فَوَاللهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ يَكُونَ لَكَ حُمْرُ النَّعَمِ)، (سوێند بە الله، ئەگەر خوای گەورە لەسەر دەستت، ڕێنموونی یەك کەس ببەخشێت، زۆر بۆت باشترە لەوەی ڕانەوشتری سوورت[١] هەبێت)، ئەمەش بە گشتی، ڕێنموونیکردنی کەسی ناموسڵمان و کەسی موسڵمانی لاسار و سەرکەشیش دەگرێتەوە، جا کوا ئەو کەسەی بەدوای ئەم بەرزی و بڵندییەدا بگەڕێت؟

---

(١) لەو سەردەمەدا بەبایەخترین سەرمایەی ناو عەرەب، بریتی بووە لە ڕانەوشتری سوور. (وەرگێڕ).

## پێنجەم: بەزەیی خوا بۆ کەسی بانگخواز

بانگەواز، هۆکارێکە بۆ رەحم و بەزەیی خوا، خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)،(١)

(پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و یارمەتیدەری یەکن هەردەم فەرمان بە چاکە دەدەن و لە خراپە ڕێگری دەکەن و هەڵئەسن بە نوێژ و و زەکات دەدەن و ئیتاعەو ملکەچن بۆ فەرمانەکانی خواو پەیامبەرەکەی، بێگومان خوا ئەوانە هەر دەخاتە بەر میهرەبانی و بەزەیی خۆی، چونکە بێگومان خوا زۆر دەسەڵاتدارە، کارزان و کاربەجێیە).

بڕوانە چۆن خوای گەورە رەحم و بەزەیی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو سیفەتانەن.

---

(١) التوبة: ٧١.

## شەشەم: هۆکاری چاکترینی ئوممەتان

بەهۆی بانگەواز و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەوەیە کە ئوممەتەکەمان بووە بە باشترینی ئوممەتان، خوای گەورەش دەفەرموێت:

(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ).

(ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵک گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان، بۆیە فەرمان بەچاکە دەدەن و ڕێ لەکاری خراپەو شیرک دەگرن و باوەڕیشتان بەخوا هەیە).

ئیبن کەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: هەرکەس لەم ئوممەتە، هەڵگری ئەم سیفەتانە بێت، لەگەڵ ئەمانەدا بەر ئەو ستایش و وەسف و پیاهەڵدانە دەکەوێت.

عومەری کوڕی خەططاب ڕەزای خوای لێ بێت ئەم ئایەتەی خوێندەوە، ئینجا وتی: هەرکەس حەز دەکات ئەم ئوممەتە بێت، با ئەو مەرجەی خوا بەجێبگەیەنێت کە لەسەری دایناوە.

هەرکەس هەڵگری ئەم سیفەتانە نەبێت، خۆی بە ئەهلی کیتاب چواندووە، ئەوانەی کە خوای گەورە بە خراپە باسیان دەکات و دەفەرموێت:

(كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ).[١]

(ئەوانە لەنێو خۆیاندا، ڕێگرییان نەدەكرد لە خراپەیەك كە ئەنجامیان دەدا، بەڕاستی بەو هەڵوێستەیان، ئیشێكی زۆر خراپ دەكەن).

موجاهید[٢] دەڵێت: چاكترینی ئوممەتان كە خوا باسی كردووە، لەسەر بنەمای ئەو مەرجانەیە كە لە ئایەتەكەدا باسكراون.[٣]

مەرجەكانیش كە باسكراون، بریتین لە فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە و باوەڕهێنان بە خوا، لەم ئایەتەشدا وەسف و پیاهەڵدانی ئەم ئوممەتە كراوە تا ئەو كاتەی ئەم مەرجانە بەجێدەگەیەنن و هەڵگری ئەم سیفەتانە بن.

پێشەوا قورطوبی دەڵێت: ئەگەر دەستبەرداری گۆڕانكاریی ببن و لە ئاست خراپەدا دەست شل بكەن، ئەم پیاهەڵدانەیان بۆ نامێنێت و بە خراپە باسكردن شوێنی دەگرێتەوە، ئەمەش هۆكاری لەناوچوونیانە.[٤]

---

(١) تفسير ابن كثير (١٠٣/٢).

(٢) یەكێكە لە گەورە ڕاڤەكارانی قورئان. (وەرگێڕ).

(٣) القرطبي (١٠٩/٤).

(٤) القرطبي (١٧٣/٤).

زانایان دەڵێن: خوای گەورە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەی پێش ئیمان خستووە، چونکە ئیمان بە خوا تەنها بۆ ئەو کەسە خۆیەتی کە باوەڕی هێناوە، بەڵام ئەو کەسەی فەرمان بە چاکە دەکات و ڕێگری لە خراپە دەکات، باوەڕدارە و باوەڕەکەشی لە سنووری چاکەوە، تێپەڕیوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی کە باوەڕی پێ هێناوە، بۆیە پێش سەرجەم باوەڕداران خراوە.

## بانگخواز چاکترینی خەڵکە

هێندە بەسە بۆ بانگخواز کە بۆ ئیسلام دەژی و گەورەترین پەیامی لەسەر شان ناوە هەتا بەمە ببێتە جێنشینی پێغەمبەران،

بانگخواز لەو کەسانە نیە کە ژیانێکی ناوبۆش ژیان بباتە سەر و هیچ خەم و ئامانج و پەیامێکی نەبێت.

### حەوتەم: براوەی هەردوو دنیا

بانگەوازی ڕێی خوا، هۆکاری براوەیی هەردوو دنیایە، خوای گەورە دەفەرموێت:

**(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).**

(پێویستە هەمیشە کۆمەڵ و دەستەیەک لە ئێوە ببێت ئەی موسڵمانان! مەردم بۆ ڕێی خێرو چاکە بانگ بکەن و فەرمان بەچاکە بدەن و ڕێ لەخراپە بگرن، دیارە ئەوانەن سەرفرازو بەختیار).

هەرکەسێك ئەوانە ئەنجام بدات، ئەوە لە براوەکان و باوەڕداره تایبەتەکانە، هەروەك بانگەوازی ڕێی خوا هۆکاری زۆربوونی زانستی بانگخوازە لە ڕوانگەی پەیرەوی بانگەواز و مشتومڕ و ئامادەکاری بۆ گفتگۆ لەگەڵ کەسانی تردا.

## هەشتەم: خوای گەورە پێچەسپاوت دەکات لەسەر دینداریی

بانگەوازی ڕێی خوا هۆکاری پێچەسپاوییە لەسەر دینداریی، خوای گەورە دەفەرموێت:

(إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ)،

(دڵنیابن ئەگەر ئێوە یارمەتی ئایینەکەی خوا بدەن، ئەوا بێگومان خوایش یارمەتی ئێوە دەدات و بەسەر دوژمنانتاندا سەرتان ئەخات و پێکانتان لە جێگاکانی جەنگدا جێگیر دەکات).

دەی با هەر کەسێك ڕێی کاروانی بانگەوازی گرتۆتەبەر، دڵخۆش بێت کە خوای گەورە پێچەسپاویی لەسەر دینداریی و هێزی دەستگرتنی بە پەیامی خوا و زۆربوونی ئیمان و ئەوپەری دڵنیایی و پێچەسپاویی و هەمەچەشنەی کرداری چاکی پێ دەبەخشێت، چاوەڕوان بێت خوای گەورە لە پاداشتی هەوڵە بانگەوازییەکانیدا، عیززەتی پێ ببەخشێت.

بانگخوازان بە درێژایی سەردەم لەرووی پێچەسپاوییەوە، بەهێزترین کەسانن، هەمان ئەم شتە لە واقیعی خۆماندا لە ئاست زانا گەورەکاندا دەبینین، بڕوانە باس و بەسەرهاتی زانایان و بانگخوازانی وەك ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە لە ڕۆژی مەینەتدا بوویە سەرخەر و خزمەتکاری ئیسلام، بەرهەمی ئەو خزمەتەی ئەوەبوو کە خوای گەورە پێچەسپاوی کرد لەسەر دینداریی و خۆڕاگریی پێ بەخشی لەسەر مەینەتیی سزا و بەندکردن، هەروەها شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە کە بە نووسینەکانی وەڵامی خاوەن ئایین و مەزهەبە نارەواکانی دایەوە و بە بڵاوکردنەوەی زانست لە سەرجەم بوارەکاندا، دینی خوای سەرخست، بەرهەمی ئەم هەوڵەی ئەوەبوو کە کاتێك بەندکرا، خوای گەورە پێچەسپاوی کرد، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە بە درێژایی مێژوو و گۆڕانی بارودۆخەکان و لە سەختترین شوێن و ڕووداوەکاندا، پێچەسپاوترین کەسانن.

بانگخوازی خواویست کە گرنگیی دەدات بە پەروەردەی ئیمانیی، هاوسەنگیی نێوان پەرستش و بانگەواز و نێوان زانست و کردار و فێرکردن دەپارێزێت و لە رووی کات و هەوڵ و سامان و گرنگیپێدانەوە، مافی هەموو بوارێك دەدات.

## نۆیەم: خوای گەورە کارەکانت بە چاکی بۆ رادەپەڕێنێت

هەموو ئەوانەی لە بواری بانگەوازدا کاردەکەن، کۆدەنگن لەسەرئەوەی کە هەرکات لەم بانگەوازەدا هەوڵێك بەخەرج بدەیت، ئیشوکاری دینی و دنیاییشت ئاسان دێت بەدەستەوە، چونکە تۆ بۆ خوا دەژیت نەوەك بۆ خۆت، ئەمەش لووتکەی قوربانیدانە.

بۆیە تێبینی ئەوە دەکەیت کە ئەگەر بە نیەتێکی پوختەوە کارت کرد، ئیشوکاری ژیانت ئاسان دەدات بە دەستەوە، لەوانەیە وتەکەی خێزانی دکتۆر سمیطتان[١] بیربێت کاتێك لە شوێنێکی زۆر مەترسیداری ئەفریقادا بوو، دەیوت: ئەی عەبدوڕەحمان، ئایا بەختەوەریی بەهەشت وەك بەختەوەریی ئێستامان وایە؟

دەی ماڵ و منداڵت رابهێنە لەسەر خاکیبوون و خۆبەختکردن بۆ ئایینی خوا، بەڵێ، ئەمە قوربانیدانە بۆ خوا، ئیتر چیمان پێشکەش کردووە؟

---

(١) بانگخوازێکی ئیسلامیی خێرخواز بوو کە بانگەوازەکەی لە وڵاتانی ئەفریقیادا چڕکردبوویەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەسەر دەستی موسڵمان بوون. وەرگێڕ.

## دەیەم: چێژی ژیـــان

**بە بانگەواز بۆ خوا، ئارامیی دەروونیی بەدەست دەهێنیت.**

ئایا چێژی ژیان دەکەیت؟ ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە، خێرا خۆت بگەیەنە نێو ئەم بانگەوازە، چەند ڕۆژێك ناخایەنێت هەتا ئۆقرەیی و ئارامییەکی گەورە بەدیدەکەیت و پەشیمانیت تەنها بۆ ئەو ڕۆژانەی پێشترە کە لە دەرەوەی بانگەواز بەسەرت بردووە

## یانزەیەم: ڕزگاربوون لە خەسارەتمەندیی

ئەو ڕۆژەی خەڵکی خەسارەتمەند دەبن، بانگخوازانی ڕێی خوا براوەن، ئەو ڕۆژەی خەڵکی ناخۆشیی ڕوویان تێدەکات، ئەوان بەختەوەرن.

بانگەواز، هۆکاری ڕزگاربوونە لەو خەسارەتمەندییەی کە خوای گەورە باسی کردووەو دەفەرموێت:

(وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آَمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ).

(سوێند بە کات و ڕۆژگار کە چەندە گرنگ و بە نرخە بەڕاستیی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بە تایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لە زیانێکی گەورەدایە جگە

ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە و وەسیەتیاڵن بۆ یەکتر کردووە بە هەق و وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بە صەبرو خۆڕاگریی لەسەر هەق و ئایینی خوا).

جوان ڕابمێنە، هەتا جوان ببینیت کە خوای گەورە خەسارەتمەندیی لەو کەسە دوورخستۆتەوە کە باوەڕی هێناوەو کرداری چاك دەکات و ئامۆژگاریی خەڵك دەکات و لەگەڵیاندا دەبێت و حەق و بانگەواز بۆ حەق و خۆڕاگریی نێو ئەو ڕێیەی لەگەڵیاندا گرتۆتەبەر.

## دوانزەیەم: بەردەوامبوونی چاکەکانت لەپاش مردنت

بانگەواز بۆ لای خوا، لە گەورەترین هۆکارەکانی زیادبوون و بەردەوامی چاکەکانە، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت (مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا)،[1] (هەرکەس بانگەواز بکات بۆ ڕێنموونی و ڕێی دروست، ئەوە وەك ئەو کەسەی کە شوێنی دەکەوێت، پاداشتی بۆ دەنووسرێت، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی شوێنکەوتەکانی کەم بکات).

---

(١) صحيح مسلم، الرقم ٢٦٧٤.

بەندەی خوا، پاش ئەوەش کە دەمرێت، بانگەوازەکەی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتەش، کە خەوتووە، بانگەوازەکەی ناوەستێت، بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر دە کەس سوودمەند بن لە وانەیەك کە پێشکەشت کردووە یان کاسێتێك کە دابەشت کردووە بەسەر خەڵکدا، یان کتێبێك کە پێشکەشی کەسانێکت کردووە، ئەو چاکانەت چەندە زۆرن کە لەنێو ئەو خەڵکانە و خزمان و دەوروبەریاندا بڵاودەبنەوە، کاتێك لە کتوپڕێکدا مردن دێتەڕێت، ئەو چاکانەت دەمێننەوە، ئەوکاتەش کە لەنێو گۆڕدایت، چاکەکانت بەردەوامییان دەبێت.

بۆیە بانگەوازی ڕێی خوا، ڕێیەکی ئاسانە بۆ بەدەستهێنانی پاداشت، پاداشتەکەی پاش مردنیشت بۆت دەمێنێتەوە، جوان رابمێنە، هەرکەسێك کە تۆ بوویبیتە هۆی ڕێنموونیی ئەو، هەموو کارە چاکەکانی وەك نوێژ و زیکر و ڕۆژوو و بەخشین و بانگەوازی، دەچنە نێو تای تەرازووی چاکەکانی، هەمان ئەو چاکانەش دێنە سەر تای تەرازووی چاکەکانی تۆیش بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەو کەم بکات، ئەم دەستکەوتانە چەند گەورە و ئەم بازرگانییە چەند پڕقازانجە! بەڵام کوان ئەوانەی کێبڕکێی لەسەر بکەن؟

بازرگانی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لە کەمترین ماوەدا زۆرترین قازانج بەدەستبهێنێت، بەهەمان شێوە، باوەڕداری ژیر کە بەدوای چاکە و پلەی بەرز و

باڵای ڕۆژی دواییدا دەگەڕێت، هەوڵ دەدات لە ڕێی بانگەوازی ڕێی خواوە بەمە بگات، چونکە کردەوەکانی بە چەندقات بۆ هەژمار دەکرێن.

ئەو باوەڕدارانەی کە هەوڵیان چڕ دەکەنەوە بۆ ڕۆژی دوایی، دوو بەشن:

**یەکەم:** ئەوەی تەنها سەرقاڵە بە پەرستشەوە، ئەم کەسە کردەوەکەی لە دوای مردنی دەوەستێت و پەڕەی کردەوەکانی دادەخرێت.

**دووەم:** کەسێك کە سەرقاڵ دەبێت بە پەرستش و بانگەوازی ڕێی خوا و هەوڵ دەدات شەرعی خوا فێری خەڵك بکات و لەگەڵ دروستکراوانی خوادا چاکە بنوێنێت، ئەمەیان بەرزترین پلەو مەنزڵی هەیە و کردەوەشی بەردەوام دەبێت و پەڕەی کردارەکانی کراوە دەبن و بە پاداشتی چاکە پڕ دەکرێنەوەو ڕۆژانە چاکەی بۆ زیاد دەکرێت.

## سیانزەیەم: بانگەواز، هۆکاری خۆشەویستیی خوایە

پرسیار: خۆشەویستترین کەس لای خوا کێیە؟

بانگەوازی ڕێی خوا هۆکارە بۆ خۆشەویستیی خوا، هەروەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللهِ تَعَالَى أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ)،[1] (خۆشەویستترین کەس لای خوا، ئەوەیە کە سوودی زۆرتری بۆ خەڵك هەیە).

دەی سوودبەخشترین شت بۆ خەڵك، ڕێنموونیکردنیانە بەرەو بەهەشت، سوودبەخشین پێیان لە ڕووی ڕاستکردنەوەی ئایین و بیروباوەڕیان و پاکژیی ڕەوشت و بەرزراگرتنی ئاستی ئیمان و باوەڕیان.

---

(١) المعجم الكبير للطبراني، الرقم ١٣٦٤٦، حسنه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم ٩٠٦.

## چواردەیەم: خوای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێت

بانگەواز چاکەکردنە لەگەل خەڵکدا، خوای گەورەش دەفەرموێت:

(وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)،

(ببەخشن و چاکە بکەن، بەڕاستیی خوای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێت).

ئەگەر بە دابینکردنی خواردن سوود بە خەڵك بگەیەنیت و پاداشتی لەسەر وەربگریت، ئەی چۆنە ئەگەر خواردنی دڵ و خۆراکی رۆحیان بۆ دابین بکەیت بە پێدانی ئیمانێك کە پێویستیی راستەقینەی ژیانیانە و دەبێتە هۆکاری چوونە بەهەشتیان؟

ئەگەر برسێتی بە نانەڕەقەیەك راودەنرێت
ئـەی چـی پـەژارەو ڕاڕاییـم وەدەرنـێـت

## پانزەیەم: هۆکاری ڕزگارکردنی خەڵك لە دۆزەخ

خەو و خەیاڵی گەورەی بانگخواز بریتیە لە ڕزگارکردنی خەڵك لە دۆزەخ، گەورە و پێشەوای بانگخوازان دەفەرموێت: (إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ النَّاسِ كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَوْقَدَ نَارًا، فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ جَعَلَ الفَرَاشُ وَهَذِهِ الدَّوَابُّ الَّتِي تَقَعُ فِي النَّارِ يَقَعْنَ فِيهَا، فَجَعَلَ يَنْزِعُهُنَّ وَيَغْلِبْنَهُ فَيَقْتَحِمْنَ فِيهَا، فَأَنَا آخُذُ بِحُجَزِكُمْ عَنِ النَّارِ، هَلُمَّ عَنِ النَّارِ، هَلُمَّ عَنِ النَّارِ فَتَغْلِبُونِي تَقَحَّمُونَ فِيهَا)،[١] (نموونەی من و ئەو خەڵکە، وەک پیاوێک وایە کە ئاگرێکی کردبێتەوە، کە ئاگرەکە دەوروبەری خۆی ڕۆشن کردەوە، پەپوولەو ئەو گیاندارانەی دەکەونە ناو ئاگرەوە بێن و خۆیان بخەنە ناو ئاگرەکەوە، ئەویش دووریان بخاتەوە لە ئاگرەکە، کەچی ئەوان وازنەهێنن و خۆیان فڕێ بدەنە ناویەوە، جا من دامێنتان دەگرم هەتا نەکەونە ناو دۆزخەوەو دەڵێم: دووربگرن لەو ئاگرە، دووربگرن لەو ئاگرە، کەچی نایەن بە دەممەوەو خۆ فڕێ دەدەنە ناویەوە).

---

(١) متفق عليه، واللفظ لمسلم، الرقم ٢٢٨٤.

## شانزەیەم: ستایشی خوا و داوای لێخۆشبوونی فریشتەكان بۆ بانگخواز

هاودەم بە من رابمێنە: بانگەواز هۆكاری ستایشی خوا و داوای لێخۆشبوونی فریشتە و درووستكراوەكانە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ وَأَهْلَ السَّمَوَاتِ وَالأَرَضِينَ حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا وَحَتَّى الحُوتَ لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ النَّاسِ الخَيْرَ)،[١] (خوا و فریشتەكانی و خەڵكی ئاسمانەكان و زەوییەكان، تەنانەت مێرووش لەناو كون و هێلانەی خۆیدا، تەنانەت حووتیش، هەموویان صەلەوات دەدەن لەسەر ئەو كەسەی چاكە فێری خەڵك دەكات).

صەلەواتی خوایش، واتە ستایشی خوا، صەلەواتی فریشتەكانیش واتە داوای لێخۆشبوونت بۆ دەكەن، جا بانگەواز بۆ ڕێی خوا، هەموو چاكە و پاداشت و گەورەییەكانت بۆ كۆدەكاتەوە.

ئەی هاوار بۆ كەسێك ئەم بەخششانە لەدەست خۆی بدات.

---

(١) سنن الترمذي، الرقم ٢٦٨٥ وقال حسن صحيح.

**حەڤدەهەم: بەدەستهێنانی نزای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)**

بانگەواز بەجێگەیاندنی فەرمانی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) وەك دەفەرموێت: (بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً)،[١] (لە منەوە بگەیەنن، تەنانەت ئەگەر یەك ئایەتیش بێت).

هەرکەسیش سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بگەیەنێت، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نزایەکی زۆر تایبەتی بۆ دەکات و دەفەرموێت: (نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا شَيْئًا فَبَلَّغَهُ كَمَا سَمِعَ، فَرُبَّ مُبَلِّغٍ أَوْعَى مِنْ سَامِعٍ)،[٢] (خوای گەورە ئەو کەسە جوان و ڕووگەش بکات کە شتێك لە ئێمەوە دەبیستێت و دەیگەیەنێت، چونکە لەوانەیە هەندێك جار ئەو کەسەی کە پەیامێکی پێ دەگەیەنرێت، باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە خۆی بیستوویەتی).

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٣٤٦١.

(٢) سنن الترمذي، الرقم ٢٦٥٧ و قال حسن صحيح.

ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، دەڵێت: پێغەمبەری خـــوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە لێیەوە پەیامەکەی بگەیەنرێت ئەگەر تەنانەت یەك ئایەتیش بێت، نزایشی کردووە بۆ هەر کەسێك کە لێیەوە شتێك بگەیەنێت با تەنانەت یەك فەرموودەش بێت، گەیاندنی سوننەتی پێغەمبەری خوا بە ئوممەتەکەی، زۆر گەورەترە لەو تیرەی دەهاوێژرێت و دەگاتە نێو جەرگەی دوژمنەوە، چونکە زۆرکەس دەتوانن تیرەکە بهاوێژن، بەڵام گەیاندنی سوننەتەکان تەنها میراتگران و جێنشینانی پێغەمبەران لەنێو ئوممەتەکانیاندا دەتوانن بیگەیەنن، خوای گەورە بە منەت و بەخشندەیی خۆی، لەو کەسانەمان بگێڕێت.[١]

---

(١) جلاء الأفهام، ص ٤١٥.

## هەژدەیەم: پاداشتی خۆڕاگریی لەسەر ڕێی بانگەواز

بێگومان ڕێی بانگەواز بە گوڵ نەچێنراوە، دەی موژدەت لێ بێت بە پاداشتێکی گەورە لە بەرامبەر ئەو نارەحەتییەی تووشت دەبێت، پاداشتێکی نزیك نەوەك دوور، خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَجَزَاهُمْ بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا).

(پاداشیان دەداتەوە بە بەهەشتێک بە هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوەو بە ئاوریشمێک دەپۆشن، بە هۆی ئارامگرتنیان لەسەر جێبەجێکردنی تەکالیفی شەرعیی لە دنیادا).

ئەگەر تەنها پیاوچاکیت، ئەوە کەس ئازارت نادات، بەڵام ئەگەر چاکساز بیت، ئەوە لەلایەن نەفامانەوە ئازارت تووش دەبێت، پاداشتیش بەپێی نارەحەتییە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ، مِنْ نَصَبٍ وَلاَ وَصَبٍ، وَلاَ هَمٍّ وَلاَ حُزْنٍ وَلاَ أَذًى وَلاَ غَمٍّ، حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا، إِلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ)،[١] (هەر شەکەتی و کفتی و نەخۆشی و پەژارە و خەم

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٥٦٤١.

و خەفەت و ئێش و ئازارێ تووشی موسڵمان دەبێ، تەنانەت دڕکێکیش کە لە شوێنێکی هەڵچەقێ، خودا دەیانکات بە سەرپۆش و کەفارەت و بریتیی گوناهەکانی ).

قورەیش لە ماوەی پێش پێغەمبەرایەتیدا، پێغەمبەری خوایان خۆشدەویست، بەڵام پاش ئەوەی بوو بە پێغەمبەر و کەوتە چاکسازیی و بڵاوکردنەوەی چاکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، کەوتنە ئازاردانی و دژایەتیکردنی، چونکە چاکساز لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا بەریەکدەکەوێت، ئەو دەیەوێت لە گەندەڵی و خراپەی دڵ و دەروونیان دایانماڵێت.

زانایان دەڵێن: یەك چاکساز لای خوا خۆشەویستترە لە هەزاران پیاوچاك، چونکە خوای گەورە بەهۆی چاکسازەوە ئوممەت دەپارێزێت، بەڵام پیاوچاك تەنها خۆی دەپارێزێت، دەی شیاو نیە بۆ موسڵمان، تەنها بە چاکی خۆی ڕازیی بێت و خوو نەداتە چاکسازیی، چونکە ئەمە ترسنۆکی و لاوازی و شکست و هۆکاری فەوتان و لەناوچوونی ئوممەتە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ).

(پەروەردگارت نەیکردووە بەباو کە بە ستەم شارو گوندەکان لەناو بەرێت و خەڵکەکەیشیان چاکساز بووبن)، خوای گەورە دەستەواژەی چاکسازی (مصلح)ی بەکارهێناوە نەوەك پیاوچاك (صالح).

خوای گەورە ئێمە و ئێوەش لە چاکسازانی چاکەکار بگێڕێت.

لەبەرئەوەی بانگەواز گەورەییەکی زۆری هەیە، بۆیە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێگە بەرز و بڵند و ڕێزدارە، قوربانیدان و پێچەسپاوی و خۆڕاگریمان هەبێت.

بانگخواز ئەگەر هەستا بە بانگەواز بۆ ڕێی خوا، ئەوە بە دوو بارودۆخدا تێدەپەڕێت:

**یەکەم:** بارودۆخی بەدەمەوەهاتنی خەڵك وەك چۆن خەڵکی مەدینە پێشوازییان کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خۆشحاڵ بوون بە هاتنی.

**دووەم:** بارودۆخی پشتتێکردنی خەڵك بۆ بانگخواز، وەك چۆن کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چوو بۆ طائیف، سەرکردەکانی ئەوێ بەرپەرچیان دایەوەو گەمژە و منداڵ و مەزمی شارەکەیان لەدژ هاندا هەتا کەوتنە بەردبارانکردنی.

خوای گەورە خۆشەویستانی خۆی نادات بە دەست دوژمنانیەوە، بەڵام خۆی دانا و زانایە و هەندێك جار بانگخواز رادەهێنێت، هەندێك جاریش خەڵك بە بانگخواز رادەهێنێت.

بارودۆخی بەدەمەوەهاتنی بانگخواز زۆر سەختتر و مەترسیدارترە، چونکە هەندێك جار تووشی سەرسامبوون

و بەخۆدانازینی دەكات، پۆستی بۆ دەخرێتەڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی تاقیكردنەوەی بە دنیا، ئەمانە دەروازەی شەیتانن بۆ دزینی بانگخواز و سەرقاڵكردنی بە دنیاو پۆست و ماڵ و سامان و دوورخستنەوەی لە دین.

بارودۆخی پشتهەڵكردن و دژایەتیكردن باشتر و بەهێزترە بۆ پەروەردەی بانگخواز، چونكە بانگخواز زیاتر بیری لای ئەوەیە ڕوو لە خوا بكات و لێی نزیك ببێتەوە، بەم هۆیەوە سەركەوتنی خوا دێت، وەك چۆن كاتێك خەڵكی طائیف پێغەمبەری خوایان دەركرد، لە خوا پاڕایەوە و خوای گەورە بە جیبریل و فریشتەی شاخەكان پاڵپشتی كرد، پاشان ئاسانكاریی بۆ كرد هەتا سەربەرزانە بچێتەوە مەككە، دواتر ڕێزداری كرد بە شەوڕەویی، پاشان كۆچی مەدینەی بۆ ئاسان كرد، دواتر دەركەوتن و سەركەوتنی ئیسلامی لەسەر زەویدا پێ بەخشی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾،(١)

---

(١) العنكبوت: ٢-٣.

(ئاخۆ موسڵمانان گومان وا دەبەن کە ئەگەر هەر ئەوەندە بڵێن: بڕوامان هێناوە، ئیتر وازیان لێدەهێنرێ و تاقیی ناکرێنەوە، بە هەقیقەت ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقیکردنەوە بە جۆرەها مەینەت و بەڵا، بێگومان خوا بە واقیعیی کەسانێک، کە ڕاستیان وتووەو بڕوایان هێناوە دیاری دەکات و درۆزنانیش دیاری دەکا، تا بناسرێن و دەرکەون).

## ماوەی پەروەردە:

لەم ماوەیەدا، خوای گەورە بانگخواز تاقی دەکاتەوەو بەو چەشنەی پێویست بێت پەروەردەی دەکات، هەتا خۆڕاگریی و ڕاستگۆیی بانگخواز تاقی بکاتەوە و ئامادەکارییەك لای بانگخواز هەبێت بۆ بەرگەگرتنی ناڕەحەتییەکان و بەسۆزبوون لەگەڵ خەڵك و خۆبەدەستەوەدانی تەواوەتی بۆ ڕاستیی، ئیتر بە خۆشی و ناخۆشی و هەژاری و دەوڵەمەندی و ترس و ئارامیش تاقی دەکرێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ).[١]

---

(١) الأنبياء: ٣٥.

(تاقیتان دەکەینەوە بە ناخۆشیی، خۆشیی، هەژاریی، دەوڵەمەندیی، لەش ساغیی و نەخۆشیی، تا سابیرو ناشوکر دەرکەوێ، سەرەنجام هەر بۆ لای خۆمان دەگێردرێنەوە، ئەوسا بەپێی ڕەفتارو دەرچوونتان لە تاقی کردنەوەکەدا، پاداشت و تۆڵە وەردەگرن).

هەروەها دەفەرموێت: (وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ).(١)

(بێگومان بن جاروبار تاقیتان دەکەینەوە بە بەشێک لە ترس و برسیەتیی و کەمکردنەوەو لەناوچوونی ماڵ و دارایی دنیاو زیانی گیانیی و تیاچوونی بەروو بووم و دەسکەوتەکانتان، بەوانە کە خۆڕاگرو بە ئارامن مژدە بدە، ئەوانەی کە تووشی هەر بەڵاو نەهامەتیی و چورتمێک دەبن، خێرا دەڵێن: ئێمە هەر هی خواین و ئەو دروستیکردوین و دەرەنجامیش لە قیامەتدا هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە، مژدەیان بدەرێ: دەکەونە بەر درووددو ڕەحمەتی پەروەردگاری خۆیان و شارەزاو ڕێنوێنکراو هەر ئەوانن).

(١) البقرة: ١٥٥.

## ماوەی دەرکەوتنی سەرکەوتن:

ئەگەر هاتو بانگخواز لەسەر ناڕەحەتی و تاقیکردنەوەی بەرگەی گرت و لە کاتی سەختترین بارودۆخ و کەمیی پشتیوان و زۆریی نەیارانیدا درێژەی دا بە بانگەواز، خوای گەورە لەگەڵی دەبێت و پشتیوانیی دەکات و سەری دەخات، نزای گیرا دەکات و بەرگریی لێ دەکات و دەیپارێزێت و شکست بە دوژمنانی دەهێنێت.

## بەرهەمەکانی بانگەواز بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگە

**یەکەم: بەدیهاتنی ئامانجی بەدیهێنانی مرۆڤ لەلایەن خوای گەورەوە**

ئەو ئامانجەی کە خوای گەورە بەدیهێنراوەکانی لەپێناودا دروستکردووە، بریتیە لە پەرستشی خوا بە تاك و تەنها و دوور لە هاوەڵ بۆ بڕیاردانی، خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ).

(مرۆڤ و جنۆکەم تەنها بۆ پەرستش بەدیهێناوە).

**پەرستش:** ناوێکی گشتگیرە بۆ هەر گوفتار و کردارێکی ئاشکرا و پەنهان کە خوا پێی خۆشەو جێی ڕەزامەندی زاتی خۆیەتی، بانگەوازیش ڕوونکردنەوەو شرۆڤەی ئەو پەرستشە و هاندانی خەڵکە بۆ پابەندبوون پێیەوەو وازهێنان لە هەر شتێك کە نەیار و پێچەوانەی پەرستشە، ئەو پاداشتە گەورانە دەخاتەڕوو کە ئەگەر کەسێك پەرستش ئەنجام بدات، دەستی دەکەوێت، ئەمەش ئامانجی گەورەی بانگەوازە.

## دووەم: دەرکەوتنی نەوە ئیمانییەکان

بەرهەمێکی بانگەواز ئەوەیە کە وەچە و نەوەکانی کوفر دەوەستێنیت، پێش ئەوەی کەسێك ببێت بە موسڵمان، بێباوەڕ بووەو بە هەزاران ساڵیش کوڕی بێباوەڕان بووە، ئێستا کە تۆ دێیت و لە ڕێی بانگەوازکردنی ئەو کەسەوە بۆ ئیسلام، باروودۆخەکە دەگۆڕیت، بەم کارەت، وەچەیەکی چەندین ساڵە دەگۆڕیت کە لەمەودوا دێن و بەڕێوەن، بەم چەشنە نەوەی داهاتوو دەبنە موسڵمانی کوڕی موسڵمانی کوڕی موسڵمان، ئەمەش چ گەورەییەکە کە نەوە بێباوەڕەکان بوەستێنیت و نەوە باوەڕدارەکان بخەیتە شوێنیان، نەوەیەك کە تەنها باوەڕیان بە الله بێت و تەنها ئەویش بپەرستن.[١]

## سێیەم: زۆرکردنی ئوممەتی موحەممەد

بەرهەمێکی تری بانگەواز، بریتیە لە زۆرکردنی ئوممەتی موحەممەد، ئەمەش ئەو ئاواتەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەهێنییێتە دی کە بریتیە لەوەی لە پێغەمبەرانی دی شوێنکەوتەی زیاتری هەبێت،

---

(١) وليد السحيباني: القواعد العشر في التحفيز لدعوة غير المسلمين.

وەك چۆن خۆی فەرموویەتی (فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ القِيَامَةِ)،[١] (هیوام وایە لە رۆژی دواییدا لە سەرجەم پێغەمبەرانی دی، شوێنکەوتەم زیاتر بێت).

(١) صحيح البخاري، الرقم ٤٩٨١، صحيح مسلم، الرقم ٢٣٩.

## موسڵمانبوونی یەک کەس لەسەر دەستت، واتە موسڵمانبوونی ملیۆنەها کەس

موسڵمانبوونی یەك کەس لەسەر دەستت، واتە موسڵمانبوونی ملیۆنەها کەس، چونکە کردەوەی خۆی و منداڵ و نەوەکانی و هەر کەسێك کە هەتا ڕۆژی دواییی لەسەردەستی ئەو موسڵمان دەبێت، دەچێتە تای تەرازووی چاکەکانتەوە، ئەگەر وا دابنێیت ئەو کەسە ڕێنموونیکراوە دوو یان سێ منداڵی هەیە، منداڵەکانیشی بە هەمان شێوە، واتە دوای هەر بیست ساڵێك، ژمارەکە دوو بەرامبەر دەبێت، پاش سەد ساڵ ژمارەکەی هەزار بەرامبەر دەبێت.

**ڕامـــانێك :**

با وا دابنێین کە سەد ساڵ تێپەڕیوەو ژمارەکە بووە بە هەزار موسڵمان، تەنها پێنج سەد کەسیان ماونەتەوەو ئەوانی دیکە لە ماوەی سەد ساڵەکەدا مردون، پێنج سەد کەسەکە وەردەگرین و پاش سەد ساڵ دەبنە دە هەزار بەرامبەر، بەم چەشنە ژمارەکە دەبێتە پێنج سەد هەزار کەس، پاش دوو سەد ساڵ، پاش سێ سەد ساڵ، ئینجا نیوەی ژمارەی سەدەی دووەم وەردەگرین کە دووسەد و

پەنجا هەزار کەس بوون، کەڕەتی هەزاری دەکەین و ئەنجامەکە دەبێتە دووسەدو پەنجا ملیۆن کەس، جا ئەگەر سەدەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش هەژمار بکەین، ژمارەکان چۆن زیاد دەکەن؟!

با نەڵێین ملیۆنەها کەس، تەنها یەك ملیۆن کەس بەسە، ئەمە ئەگەر تەنها کەسێکیش لەسەر دەستی ئەو کەسە موسڵمان نەبووبێت، بەڵام ئەگەر یەك کەس لەسەر دەستی موسڵمان بووبێت، ئەوە هەمان هەژمار بۆ کەسی دووەمیش دادەنێین، جا ئەگەر دە یان سەد یان هەزار کەس لەسەر دەستی موسڵمان بووبن؟! ئەمە ئەگەر تەنها یەك کەس لەسەر دەستی تۆ موسڵمان بووبێت، ئەگەر بێتو هەر ڕۆژەو کەسێك لەسەر دەستت موسڵمان بێت؟!

بانگخوازی وا هەیە کە حەوت هەزار کەس لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بون، هۆکاری موسڵمانبوونی ئەو بانگخوازەش پیاوێکی بەتەمەن بووە لە شاری ریاض کە تەنها کتێبێکی داوە بەو کەسە.

کەسێك دەناسم کە لەسەر دەستی ئەو قەشەیەك لە ئەفریقیا موسڵمان بووە، دواتر لەسەر دەستی ئەو قەشەیە، زیاتر لە یەك ملیۆن کەس موسڵمان بون.

ئەوەتان بیر بێت، موسڵمانبوونی یەك کەس واتای ژمارە یەك ناگەیەنێت، بەڵکو بە ویستی خوا، واتای

ملیۆنەها کەس دەگەیەنێت، ئەو ملیۆنەها کەسەش، ئەگەر سوبحانەڵلایەك بکەن، یان بەخشینێك ببەخشن، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی خۆیان کەم بکات، هەمان پاداشت بۆ تۆیش دەنووسرێت، هەرکام لەوانە هەر هەنگاوێك هەڵنێن بەرەو مزگەوت، تۆیش هەمان پاداشتی ئەوانت بۆ دەنووسرێت، ئەگەر حەج بکەن، ڕۆژوو بگرن، جیهاد بکەن، نزا بکەن، یارمەتی کەسانی دی بدەن، خوو بدەنە فێربوون، خەڵك فێر بکەن، پەروەردە بکەن، بنووسن، وەقف بکەن، لە هەموو ئەمانەدا، چەشنی ئەوان پاداشتەکەی بۆ تۆیش دەنووسرێت.

**مەبەستەکە ئەمەیە:** هەر کردارێك، ئایا گوفتاریی بێت یان کرداریی یان لە دڵدا بێت، تۆیش چەشنی ئەوان پاداشتت بۆ دەنووسرێت.

ئەگەر خوای گەورە منەتباریی کردویت بەوەی لەسەر دەستت کەسێك موسڵمان بووبێت، ئەوە کردەوەی خۆی و نەوەکانی هەتا ڕۆژی دوایی، دێتە سەر تای تەرازووی چاکەکانی تۆیش، زۆر بە سانایی، پاش سێ سەد ساڵ ژمارەیان دەگاتە ملیۆنەها کەس کە تۆ هۆکار بویت بۆ موسڵمانبوونیان.

وردبەرەوە، ئەگەر تۆ نەبیتە هۆکاری موسڵمانبوونی یەك کەس، ئەوە هەموو ئەو ژمارانە لەدەست دەچن کە هەندێك جار دەگەنە ملیۆنێك یان زیاتر، بۆچی زیانێك هەیە لەمە گەورەتر؟

## چوارەم: بنیادی تواناکان

بەرهەمێکی تری بانگەواز، بریتیە لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەك کە بەپێی توانا، سیفەتە نموونەییەکان و پێشەنگیی تێدا بەرجەستە دەبێت، وەك چۆن لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) نموونەی یەکەمی ئەمەمان بینی، ئەو سەردەمەی کە بووە بە پێشەنگێك بۆ هەر سەردەمێکی دوای خۆی هەتا ڕۆژی دواییی، لەو کۆمەڵگەدا، خەڵکی برایانە و خۆشەویستانە و هاوکارانە لەسەر بنەمای چاکە و لەخواترسان هەڵسوکەوتیان دەکرد، شەریعەتی ئیسلامیان پەیڕەو دەکرد و ڕەفتاری موسڵمانانەیان نیشان دەدا، ئامۆژگاریی یەکدییان دەکرد و سۆزدارییان بۆ یەکتر هەبوو، وەك چۆن پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ، وَتَرَاحُمِهِمْ، وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)،[1] (نموونەی باوەڕداران لە خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانییان بۆ یەکدی، وەك یەك جەستە وایە، ئەگەر بەشێك لە جەستە ئازارێکی هەبێت،

---

(١) رواه مسلم.

هەموو بەشەکانی تری جەستە هاودەم بەو هاوئازار دەبن و لە تا و شەونخوونی و نەخەوتندا هاوبەشیی دەکەن).[١]

## پێنجەم: بانگەواز بۆ لای خوا، ئیمان زیاد دەکات

ئەوەی لە مەزهەبی ئەهلی سوننەدا ڕوونە، ئەوەیە کە ئیمان زیاد و کەم دەکات، بە پەرستش زیاد دەکات و بە تاوان و سەرکەشی کەم دەکات، لە صەحیحی موسلیمیشدا بەشێك دانراوە بە ناونیشانی (ڕێگری لە خراپە لە ئیمانەوەیە و ئیمان زیاد و کەم دەکات و فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە واجبە)، پاشان فەرموودەکەی ئەبووذەری غیفاریی دەهێنێت لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت: (يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى)،[٢] (هەموو بەیانییەك، هەر ئێسکێکی هەکامتان صەدەقەیەکی لەسەرە، جا هەر سوبحانەڵلایەك صەدەقەیەکە، هەر الحمد لله یەك

---

(١) د. أحمد بن علي سير المباركي: فضل الدعوة و ثمراتها.

(٢) صحيح مسلم، الرقم ٧٢٠.

صەدەقەیەکە، هەر (الله أکبر)ێك صەدەقەیەکە، هەر فەرمان بە چاکەیەك صەدەقەیەکە، هەر ڕێگریکردن لە خراپەیەك صەدەقەیەکە، دوو رکات نوێژی چێشتەنگاو کە بیکەن، لەبری هەمووی دەکەوێت).

## شەشەم: ژیـــانی دڵان:

بانگەواز ژیانی دڵانی تێدایە، دڵە لاوازەکان چالاك دەبنەوە، دڵە بێئاگاکان بەهۆش دێنەوە، ئیمانی باوەڕداران زیاد دەکات، حەز و ئارەزووی لادان کپ دەکرێت، چێژبەخشە بۆ ئیشکەران، ماندووبون دەبێتە تام و چێژ بۆ ئەو کەسەی حەز و ئارەزووی بووە بە بانگەواز، عەرەقی جەستەی، وەك عەرەقی هەر کەسێکی تر نیە، خۆ هەرکاممان کە دەچین بۆ ئیش، هەر لە بەرێکەوتنەوە هەتا ئەو کاتەی پیادەی وەرزش و چالاکیەك دەکەین، یان سواری ئاژەڵ و پێناوەکانی گەیاندن دەبین، یاخود خواردن و برژاوێك ئامادە دەکەین، عەرەق دەکەینەوە، بەڵام چ مەودایەك هەیە لەنێوان ئەو دوو عەرەقەکردنەوەو ماندووبوونەدا، گەورەترین عارەقە، عارەقەیەکە کە لە ڕێی خوادا بێت، کاتێك چەند کاتژمێرێك رادەوەستیت و پرۆشەرێك بەسەر گەشتیاراندا دابەش دەکەیت، یان چەند کارتۆنە کتێبێك بار دەکەیت، یان لە دۆڵ و دارستانەکانی ئەفریقیادا سەرقاڵیت بە بانگەوازەوە بەو

ئومێدەی هەزاران یان ملیۆنەها کەس لەسەر دەستت موسڵمان ببن، لەو پێناوەدا ماندوو دەبیت و نەخۆش دەکەویت.

سوێند بەخوا، هیچ عارەقە و ماندووبوونێك لەوە جوانترو باڵاتر نیە.

## حەوتەم: پێچەسپاویی لەسەر حەق

بانگەوازکردن لە ڕێی خوادا و بەردەوامبوون لەسەری لە هەموو ڕوانگە و هەموو بارودۆخێکدا، پێچەسپاویی لەسەر حەق و سەرخستنی دین و مانەوەی ئەو دەستە سەرخراوەی لێ دەکەوێتەوە کە بەڵێنیان لەبارەوە دراوە بەوەی دێن و سەردەکەون بەسەر هەر کەسێکدا کە پێچەوانەی ئایینی حەق بێت، وەك بیدعەکاران و ڕێچکە و ڕێبازە چەوتەکان و هەوەسباز و گومانسازانی هەر سات و شوێنێك، هەروەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ وَهُمْ كَذَلِكَ)،[١] (بەردەوام تاقمێك لە ئوممەتەکەم سەرکەوتوو و براوەو لەسەر حەقن، هەرکەس پشتیان لێ

---

(١) صحيح مسلم، الرقم ١٩٢٠.

بکات و دژایەتییان بکات، زیانیان پێناگەیەنێت، هەتا ڕۆژی دوایی دێت، ئەوانە بەو چەشنە دەمێننەوە).

## هەشتەم: بەدەستخستنی بەرژەوەندیی و دوورخستنەوەی زیان و خراپە

بانگەوازی ڕێی خوا، بەپێی توانا، بەدەستخستن و زیادکرنی بەرژەوەندیی و دوورخستنەوەو کەمکردنەوەی زیان و خراپەی لێدەکەوێتەوە، بانگەواز گەندەڵیی و پەستیی و ستەم و هۆشبەرەکان دەوەستێنێت و بڵندیی و ئاسایش و ئارامیی و چاکسازیی بڵاودەکاتەوە، هەڵمەتی بەگاورکردن و لادان و ئیلحاد و بیروباوەڕی پڕوپووچ و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا دەوەستێنێت و یەکخواپەرستیی بڵاودەکاتەوە.

ڤاتیکان و زۆرێك لە پێناوەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، دان بەوەدا دەنێن کە ئیسلام یەکەم ئایینە و لە هەموو ئایینەکانی تر، زیاتر لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

## نۆیەم: چارەسەری کێشە هزریی و کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتیی و ئاکارییەکان

بانگەواز ڕێگەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هزریی و کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتیی و ئاکارییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەکان کە دەکرێت مانەوەیان هۆکاری ماڵوێرانی و لەناوچوون بێت، چونکە مرۆڤ ئەگەر بە عەقڵ و حەز و ئارەزووی خۆی هەنگاوی نا و خۆی دوورگرت لە سروشی ئاسمانیی، بەدڵنیاییەوە ماڵوێران دەبێت، بانگەوازیش بریتیە لە ڕوونکردنەوەو نیشاندانی ڕێی ڕزگاریی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، ئایینی خوا ڕێنموونییە بۆ هەموو چاکەیەك، دەرمانی سەد دەردەیە بۆ هەر نەخۆشییەکی هزریی و ڕەفتاریی و هەر چەشنەیەکی تری مرۆڤایەتی.

**دەیەم: بانگــەواز بۆ لای خـــوا، سزای سەر بەندەکان لادەبات**

خوای گەورە دەفەرموێت: (لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ، كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ).(١)

(لەسەر زمانی (داود)و (عیسای کوڕی مریەم)، نەفرین و نەعلەت، لەو (بەنی ئیسرائیل)ـە کافرو بێ باوەڕانـــە کرا، چوون ئەوانە لەسنوور دەرچوون و پیشەیان هەر دەستدرێژی بوو و نەریتیشیان وابوو ڕێیان نەدەگرت لەوخراپەو تاوانانە دەیانکرد، ئای چ کارێکی زۆر خراپیان کرد).

---

(١) المائدة: ٧٨-٧٩.

## یانزەیەم: بانگەوازی ڕێی خـــوا، ڕزگاربوونە لە تـاوانی گوفتار

سەرقاڵبوونی مرۆڤ بە بانگەوازەوە، هۆکارە بۆ ئەوەی لەدەست تاوانی گوفتار و هەڵەی زمان پارێزراو بێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

**(لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا)**،[(١)]

(زۆربەی سرتە سرت و چپەکانیان هیچ خێر و بەهرەیەکی تێدا نییە، جا مەگەر کەسێک فەرمان بدات بەصەدەقەو کاری چاکەو پێک هێنانەوەی مەردم و فەرمان بدا بەناوبژیی و ئاشتبوونەوەی نێوان خەڵک بۆ ئەم کارانە بەهەرجۆر ڕاوێژ و چپە بکرێ و، بەنهێنی هەنگاو بنرێت، هەر خێرو چاکەیە، جا هەرکەس بەمەبەستی ڕەزاو خۆشنوودی خوا بەنهێنی کار بکا بۆ هەرکارێکی پەسەند، لەدواییدا پاداشێکی گەورەو بێ سنووری ئەدەینێ).[(٢)]

---

(١) النساء: ١١٤.

(٢) أ.د. سليمان بن قاسم بن محمد العيد: الأمروف بالمعروف والنهي

ئەگەر دەروونت سەرقاڵ نەکەیت بە پەرستشەوە، سەرقاڵت دەکات بە سەرپێچی و تاوانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ).[1]

(دان بە خۆتدا بگرە لەگەڵ ئەوانەی کە بەیانیان و ئێواران لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو دەیپەرستن و تەنیا ڕەزامەندیی ئەویشیان دەوێت).

---

عن المنكر، شبكة الألوكة.

(١) الكهف: ٢٨.

## دوانزەیەم: بانگەواز هۆکاری باشبوونی ژیانی خەڵك و ڕێگریی لە خراپەی نەفامانە

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (مَثَلُ القَائِمِ عَلَى حُدُودِ اللَّهِ وَالوَاقِعِ فِيهَا، كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ، فَأَصَابَ بَعْضُهُمْ أَعْلاَهَا وَبَعْضُهُمْ أَسْفَلَهَا، فَكَانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ المَاءِ مَرُّوا عَلَى مَنْ فَوْقَهُمْ، فَقَالُوا: لَوْ أَنَّا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَنَا، فَإِنْ يَتْرُكُوهُمْ وَمَا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا، وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا، وَنَجَوْا جَمِيعًا)،[1] (وێنەی کەسێك کە ئاگای لە خۆی بێت و خۆی بپارێزێت لەو شتانەی کە خوا سنووری بۆ داناون، لەگەڵ ئەو کەسەی سنوورەکانی خوا ببەزێنێت، وێنەی ئەم دوو جۆرە کەسەیە: کۆمەڵێك کە لەناو خۆیاندا لەسەر جێگەی خۆیان، لەناو کەشتیەکی دووقاتیدا تیروپشك دەکەن و تاقمێکیان قاتی سەرەوەیان بەر بکەوێت و ئەوانی تریش قاتی خوارەوە، ئەوانەی لە خوارەوەن بەسەر ئەوانەدا بچن بۆ ئاو کە لە قاتی سەرەوەن، بەو هۆیەوە بڵێن: بۆچی لە بەشی خۆماندا کونێکی تێ نەکەین و ئیتر ئەوەندە ئازاری ئەوانەی

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٢٤٩٣.

سەرەوە نەدەین، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێ بهێنن و ڕێگەی ئەوەیان پێ بدەن، ئەوا کەشتیەکە نوقم دەبێت و هەموویان وەك یەك دەفەوتێن، بەڵام ئەگەر دەستیان بگرن و نەهێڵن شتی وا بکەن، ئەوا خۆیشیان و ئەوانەی خوارەوەش ڕزگار دەکەن).

## سیانزەیەم: بانگەواز بۆ لای خوا، داواکاریەکی گرنگە بۆ هەرکەس بیەوێت خۆی ڕزگار بکات

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾،(١)

(وە بیر بێنن کە دەستەیەک لە خراپەکارەکانیان بەپیاو چاکەکانیان دەگوت: بۆچی ئێوە ئامۆژگاریی کەسانێکی وا ئەکەن؟ کە خوا دەیەوێ لەناویان بەرێ یان بەتوندی سزایان بدات؟! وتیان: لەبەر پۆزشی لای پەروەردگارتان، بەڵکو بەو ئامۆژگارییە توانیبێتمان ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین، شایەد ئەوانیش خۆبپارێزن لە نافەرمانی خوا).

---

(١) الأعراف: ١٦٤.

چەندین بەرهەمی دیکەشی دەبێت، وەك كۆدەنگیی و چاوخستنە سەر ورەبەرزیی و بڵاوكردنەوەی ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی پێدانی زیاتر.

ئەمانە كۆمەڵێك گەورەیی و دەستكەوت و بەرهەمی بانگەوازی ڕێی خوا بوون كە بە كورتی و پوختی باسمانكردن، داواكارم لە خوای گەورە لێیان سوودمەند بین.

بانگەواز ئامانجێكی باڵایە كە شیاوی ئەوەیە گرانبەهاترین كات و سامان و هەوڵەكانمانی پێ بدەین، نەوەك زیادەی كات و سامان و هەوڵەكانمان، تا ئەو كاتەی دەخرێینە نێو گۆڕ، بانگەواز هاودەمیمان دەكات.

## بۆ بانگەوازی ڕێی خوا، چیمان پێویستە؟

هەمیشە ئاگامان لە نیەتمان بێت و بە پوختیی بیپارێزین لە چڵك و چەپەڵی و پشكی نەفس و ویستی سوپاس و ناوبانگ پەیداكردن.

زانستی شەرعی وەربگرین و گرنگیی بە بەهرە و پیادەكردن بدەین.

دەبێت بانگخواز پێشەنگێكی چاك بێت بۆ خەڵك، لە رووی ژیان و جووڵە و شێوە و هەستان و دانیشتنیەوە.

خۆڕاگریی لە پێناو بانگەوازدا، پێویستیەكی خۆڕاگریش ئەوەیە كە ڕێگەكە بە دوور نەبینین و پەلەی ئەنجامەمان نەبێت.

نابێت بانگخواز لەسەر بانگەوازەكەی هیچ پاداشتێك وەربگرێت جگە لەو پاداشتەی كە چاوەڕێیە لای پەروەردگاری وەریبگرێت.

### چەند گومانێك كە بانگەواز پەك دەخەن

لەوانەیە هەندێكجار كەسانێك بە بیانووی بەدەمەوە نەهاتنی بانگەواز، دەستبەرداری بانگەوازی ڕێی خوا

ببن، بێگومان پێغەمبەرانی خوا لە بواری بانگەوازدا، لە هەموو کەس تەواوتر بون، چونکە ئەوە ئەرکی سەرەکی پێغەمبەران بووە، کە خوای گەورە لەو پێناوەدا وەك پێغەمبەر ناردوونی، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن گەلەکانیانەوە بەربەرەکانییان کراوە و نکوولّی پەیامەکەیان کراوە، تەنانەت هەیانبووە، کە یەك کەسیش باوەڕی پێ نەهێناوە، وەك چۆن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) باسی دەکات و دەفەرموێت: (عُرِضَتْ عَلَيَّ الأُمَمُ، فَجَعَلَ النَّبِيُّ وَالنَّبِيَّانِ يَمُرُّونَ مَعَهُمُ الرَّهْطُ، وَالنَّبِيُّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ)،[(١)] (ئوممەتانم پێ نیشان دران، جا هەیانبوو پێغەمبەرێك یان دوو پێغەمبەر، دەستەیەك لەگەڵیاندا دەڕۆیشتن، پێغەمبەری وا هەبوو یەك کەسی لەگەڵ نەبوو).

ڕێنموونی بە دەستی خوایە، وەك خۆی دەفەرموێت: (لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ)، (ڕێنموونیی ئەوان بە دەستی تۆ نیە، بەڵکو خوای گەورە هەر کەسێکی بوێت، ڕێنموونیی دەکات).

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٥٧٠٥.

## گرنگ بەدەمەوەهاتن نیە

ئەگەر وردبینەوە لە ئاراستەو ڕێنمایی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر و خۆشەویستمان موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) کە پێشەنگی بانگەوازمانە، دەبینین خوای گەورە ئەو ئەرکەی لەسەر دانەناوە کە دەبێت خەڵك بێن بەدەم بانگەوازەکەیەوە، بەڵکو ڕایسپاردووە بە گەیاندنی بانگەوازەکە، وەك دەفەرموێت:

(فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ).

(ئەگەر پشتتان هەڵکرد و نەهاتن بە دەم پێغەمبەری خواوە، ئەوە چاك بزانن کە پێغەمبەرەکەمان تەنها گەیاندنێکی ڕوونی لەسەرە).

هەروەها ئەوەی دووپاتی دەکاتەوە ئەرکی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بریتی بووە لە گەیاندن، فەرمایشتی خوایە کە دەفەرموێت:

(وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ).

(ئەوەی لەسەر پێغەمبەری خوایە، تەنها گەیاندنێکی ڕوونی پەیامەکەیە).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ).

(ڕێنموونیی ئەوان بە دەستی تۆ نیە، بەڵکو خوای گەورە هەر کەسێکی بوێت، ڕێنموونیی دەکات).

سەبارەت بە یارانی ڕۆژی شەممە لە بەنوئیسرائیل کاتێك نکوولٚییان دەکرد لە ئاست دەستەیەك لەوانەی ئامۆژگارییان دەکردن، بە ئامۆژگاریکەرەکان وترا:

(لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا).

(بۆچی ئامۆژگاریی قەومێك دەکەن کە خوای گەورە لەناویان دەبات، یان سزایەکی سەخت و بەئێشیان تووش دەکات)، لە وەڵامدا ئەوانیش وتیان:

(مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ).

(هەتا پۆزشێك بێت لای پەروەردگارتان، هەروەها بەڵکو لەخوا بترسن).

قاسمیی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ڕێگری لە خراپە ئەرکێکە کە لەکارناکەوێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی ڕێگرییەکە دەکات، بزانێت سوودی نیە، چونکە مەرجی ئەو ئەرکە بریتی نیە لە بەدیهاتنەکەی، ئەگەر تەنها شتێك تیایدا ئەوەبێت پایەیەکی گەورە لە پایەکانی ئایین و غیرەت بەرامبەر بە سنووری خوا و پۆزش هێنانەوە لەبەردەم خوای گەورەدا ئەنجام درابێت

بەسووربوون لە ئاست ئەنجامدانی ئەو رێگرییەدا، هێندە بەسە.[١]

## بڕیاردان بەوەی خەڵك نایەت بەدەم بانگەوازە، بڕیارێکی هەڵەیە

کێ هەیە بتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کە خەڵکی نایەن بە دەم بانگەوازەوە؟ ئەگەر کەسێکیش بڵێت: جارێك یان دوان و سیان و زیاتر، بانگەوازی ئەو خەڵکەم کردووەو نەهاتون بە دەممەوە، لەوانەیە پاش چەندجار دووبارەکردنەوە و ماوەیەکی دوورودرێژ، ئینجا بەدەمەوەهاتن بێتەدی، چونکە بانگەواز بۆ لای خوا، پێویستی بە هەناسەی درێژ و خۆڕاگریی بەرامبەر بە بانگهێشتکراوان هەیە، پەلەکردن بۆ ئەنجام و خۆنەگرتن لە بەرامبەر بانگهێشتکراواندا، لەو مەینەتییانەیە کە تووشی هەندێك بانگخواز دەبێت، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێشەنگێکی باشە بۆ ئێمە، ماوەیەکی زۆر بانگەوازی قەومەکەی خۆی دەکرد بۆ لای خوا و فەرمانی پێ دەکردن بە چاکە و رێگری لێ دەکردن لە خراپە، هەتا خوای گەورە دینی سەرخست و موسڵمانانی سەربەرز و شکۆمەند کرد.

---

(١) محاسن التأويل (٢١٣/٥).

بەرهەمی بانگەواز تەنها ئەوە نیە ئەو خەڵکە موسڵمان ببن، بەڵکو چەند ئامانجێکی دی هەن، کە ئەگەر کەسە بانگهێشتکراوەکەش موسڵمان نەبێت، ئەو ئامانجانە دێنەدی، لەوانە:

* موسڵمان بوون، با دوای ماوەیەکی تریش بێت.
* نەمانی وێنای هەڵە و ناڕەوا بەرامبەر بە ئیسلام.
* بنیادنانی وێنایەکی دروست سەبارەت بە ئیسلام.
* بێلایەنبوون لە ئاست ئیسلام و دژایەتینەکردنی.
* سەرخستنی ئیسلام.
* چارەسەری بەگاورکردن و ڕێگریی لە قۆستنەوەی هەژاریی گەلان لەلایەن موژدەبەرانەوە.
* بەجێگەیاندنی ئەرك و واجبی سەرشانی موسڵمان.

## چەمک و واتای خۆبەدەستەوەدان بگۆڕە

چەمك و واتای خۆبەدەستەوەدان ئەوەیە كە بانگخواز وا گومان ببات كە سەختە خەڵك ڕێنموونیی وەربگرن، بەڵام پێچەوانەكەی ڕاستترە، چەند ئاسان ئەو خەڵكە دێنە ناو ئیسلامەوە ئەگەر دینەكەیان پێ بگەیەنرێت.

تۆ هەوڵی خۆت بدە بە باشترین شێوە دینی خوا بگەیەنە، زۆر نابات دەبینیت بە ویستی خوا چۆن دێنە ناو ئیسلامەوە، گرنگ ئەویە بیرت لای گەیاندنەكە بێت نەوەك ڕێنموونی ئەوان.

لە خۆت بپرسە: ئیسلامت بە چەند كەس گەیاندووە؟ سەد كەس، دووسەد كەس، چەند جار؟ وەڵامەكەت جێی سەرسوڕمانە، ئینجا سكاڵای سەخت هاتنە ناو ئیسلامی ئەو خەڵكەش دەكەیت؟!

ئەو ڕوانینە پیلانێكی شەیتانە و وریای بە، وریای ئەوانەش بە كە ورەیان بەرداوەو دانیشتون، لۆكە بكەرە گوێت بۆ ئەوەی گوێت لە قسەكانیان نەبێت.

لە خۆت بپرسە: ئیسلامت بە چەند كەس گەیاندووە؟ ئینجا بڕیار بدە.

خەم و خەیاڵی بانگەواز بە گشتی و بانگەوازکردنی ناموسڵمانان بە تایبەتی، پێویستە هەر موسڵمانێك لە ئەستۆی بگرێت، بە وتەیەك یان کردارێك یان ئاکارێك، گەورە و بچووك و نێر و مێ و زانا و نەخوێندەوار، لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا یەکسانن، هەرکامیان بەپێی توانای خۆی، خوای گەورەش بە فەزڵ و رەحمەت و میهرەبانیی خۆی، هەر کەسێکی بوێت رێنموونیی دەکات.

پێویستە منداڵ و هاوسەر و خوشك و برا و دایك و هەموو ئەندامانی خێزانەکەشمان هانبدەین بۆ بەشداریکردن لە گەیاندنی پەیامی خوادا و رایانبسپێرین ئەرکی بانگەوازیی لەئەستۆ بگرن، هەروەها لە روانگەی ماددی و مەعنەویشەوە پاڵپشتی و هاودەمییان بکەین.

جاری وا هەیە بانگهێشتکراوێکی ناموسڵمان، لەسەر دەستی منداڵێك دێت بەدەم بانگەوازەکەوە، یەکێکی تریان لەسەر دەستی بانگخوازێك کە توانای قەناعەتپێکردن و کاریگەریی هەیە، شایەتیش بۆ ئەمە وتەی یەکێك لە موسڵمانبوونە نوێکانی ناو شاری ریاضە کە وەك راهێنەری مەلەوانیی کاری دەکرد، دەڵێت: هۆکاری موسڵمانبوونم منداڵێکی تەمەن سیانزە ساڵان بوو کە کاتێك راهێنانی مەلەوانیم پێ دەکرد، ئەو منداڵە چەند کتێبێکی وەرگێڕدراوی سەبارەت بە ئیسلام بۆ

برد، قورئانێکیشی پێشکەش کرد کە وەرگێردرابووە سەر زمانی ڕاهێنەرەکە، ئەمەش هۆکاری موسڵمانبوونی ڕاهێنەرەکە بوو.

خەڵکی بەو ئاسانیە دێنە ناو ئیسلامەوە و ئایینی خوا وەردەگرن، بۆیە ناموسڵمانان لەمڕۆدا زۆر پێویستیان بە کەسێکە کە ئیسلامیان بۆ بخاتەڕوو، ڕێگەکانی بانگەوازیش لەم سەردەمەدا بۆ دەروونە پاکەکان زۆر ئاسانن، بەڵام بۆ دڵ و دەروونە نەخۆشەکان زۆر سەختن.

چاندنی بانگەواز لە نێو دڵ و دەروونی منداڵەکانماندا بەو چەشنەی لە توانایاندا بێت، ڕێیەکی ڕێنموونی و هۆکارێکی پاراستنیان و هاندانی دەوروبەریانە بۆ ئاکاری ڕێی بانگەواز، خوای گەورەش هەر کەسێکی بوێت، ڕێنموونی دەکات بۆ ڕاستەڕێ.(١)

## گومانێك: دەبێت بانگخواز مەعصووم بێت!

چەند کەس هەن کە حەز دەکەن خزمەتی زۆر بکەن بە ئایینەکەیان، بەڵام وا گومان دەبەن کە دەبێت کەسی بانگخواز مەعصووم و بێ هەڵە و پەڵە بێت، هەرچیەك

---

(١) د. عبدالله بن ابراهيم اللحيدان في مقال: فلنعلم أطفالنا دعوة غير المسلمين، من موقع الألوكة.

کە فەرمانی پێکراوە بەجێی بگەیەنێت و هەرچیەك ڕێگریی لێکراوە، خۆی لێ بپارێزێت، ئەمەش پلەیەکی سەختە و تەنها پێغەمبەرانی خوا پێی گەیشتون، ئەگەر وابێت، لە دوای پێغەمبەرانەوە، نابێت هیچ کەس فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە بکات و هیچ ناموسڵمانێك فێری ئیسلام نەکرێت، ئەمە پیلانی شەیتانە و وریای بە.

ئەوە بیانوو نیە کە هەندێك کەس کردوویانە بە بیانوو، گوایە خۆی کەمتەرخەمە، ئیتر چۆن بەو کەمتەرخەمیەوە بانگەوازی خەڵکی تر بکات؟ ئەمەش پیلانی شەیتانە، جا ئەگەر تەنها کەسی کامڵ بانگەوازی بکردایە، لە دوای پێغەمبەرانەوە هیچ کەسێکی تر بانگەوازی نەدەکرد.

بەڵێ، ڕاستە، ناشیرینە بانگخواز کرداری وەك گوفتاری نەبێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ، كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ)،[1]

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆچی شتێ دەڵێن و ڕەفتاری پێ ناکەن، خوا لەلای سەختە، کە شتێ بڵێن و کاری پێنەکەن).

---

(١) الصف: ٢-٣.

بەڵام چارەسەر ئەوە نیە کە کەسی موسڵمان کەنار بگرێت لە بانگەواز، بەڵکو پێویستە لەگەڵ خۆی هەوڵ بدات خۆی فێر بکات ئەوەی دەیلێت، خۆیشی جێبەجێی بکات و تەوبەش بکات لە تاوانەکانی و درێژە بە ڕێی بانگەواز بدات، بانگەواز لای تەنها کەسێك یان دەستە و تاقمێکی ناو کۆمەڵگە قۆرخ نەکراوە، بەڵکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً)،[1] (لە منەوە بگەیەنن، تەنانەت ئەگەر یەك ئایەتیش بێت).

ئەم فەرمانە گشتگیرە بۆ هەموو موسڵمانێك بە هەردوو ڕەگەزەوە، هەریەکەو بەپێی توانای خۆی، زانا بە چەشنێکی جیاواز لەو خەڵکەی تر ئەم ئەرکەی لەسەر واجبە، بانگخوازانیش لە زانست و توانایاندا جیاوازن، بەڵام هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی، ئەم دینەش سپاردەیەکە لە گەردنی هەر موسڵمانێکدا، پیاوچاك بێت یان لاسار.

تاوانەکەی ئەبوومیحجەن ڕەزای خوای لێ بێت، بیانوو نەبوو بۆ سەرنەختنی ئیسلام، تۆیش ئەی برای خۆشەویستم، کەمتەرخەمیەکانت مەکەرە بەربەستی ڕێی بانگەواز بۆ لای خوا.

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٣٤٦١.

## گومانێك: زانستم پێ نیه

هەندێك كەس دەڵێن: من شیاوی ئەوە نیم بانگەواز بكەم بۆ ڕێی خوا، چونكە من زانا نیم و ئەوەش بۆ زانایان گونجاوە، من توانای ئەوەم نیە، تەنانەت شێوازی بانگەواز و زانستی بانگهێشت بۆ لای خوام نیە، وێڕای ئەوەش، نامەوێت خۆم بێبەش بكەم لە ڕێڕەوی بانگەوازی ڕێی خوا.

لە وەڵامدا پێی دەڵێین: چەندین شت هەن كە دەتوانیت بیانكەیت، وەك: دابەشكردنی پێناوە بانگەوازییەكان بەسەر موسڵمانان و ناموسڵماناندا بە شێوەی جیاجیا، وەك شێوازە سەردەمییەكان لە ڕێی پێگەكانی ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و بەشداریكردن لە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی گرتەی دەنگیی و ڕەنگیی زانایان و بانگخوازان، بەشداریی دارایی و خزمەتكردنی بانگخوازان و گرنگیدان بە موسڵمانبووە نوێكان، هەموان دەتوانن كتێب و وانەكانی زانایان بڵاو بكەنەوە.

بۆ نموونە: ئەگەر بینیت كەسێك نوێژ ناكات، ئایا بۆ ئەوەی ئەم كەسە هانبدەیت بۆ نوێژ كردن، پێویستیت بە زانستێكی زۆرە؟ نەخێر، بەڵكو هێندە بەسەر بزانیت نوێژ پایەیەكی ئیسلامە و بەبێ نوێژ موسڵمانێكی ساغ دەرناچیت.

هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ ئەوەی موسڵمان بوون و هەندێك شتی پێویست لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) فێر بوون، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێکردن بانگهێشتی قەومەکەیان بکەن و فەرمانیان پێ بکەن بە چاکە و ڕێگرییان لێ بکەن لە خراپە، نموونەی ئەوەش بەسەرهاتی ئەبووذەری غیفارییە ڕەزای خوای لێ بێت، کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو: (فَهَلْ أَنْتَ مُبَلِّغٌ عَنِّي قَوْمَكَ؟ عَسَى اللهُ أَنْ يَنْفَعَهُمْ بِكَ وَيَأْجُرَكَ فِيهِمْ)، (ئایا دەچیت لە منەوە بانگەوازی قەومەکەت بکەیت؟ بەڵکو خوای گەورە بەهۆی تۆوە ئەوان سوودمەند بکات و لەسەر ئەوانیش، پاداشتی تۆ بداتەوە)، ئەبووذەر دەڵێت: منیش چووم بۆ لای ئونەیس، وتی: چیت کرد؟ وتم: موسڵمان بووم و باوەڕم هێنا بە پێغەمبەری خوا، ئەویش وتی: لە دینی تۆ لانادەم، وا منیش موسڵمان بووم و باوەڕم هێنا، ئینجا هەردووکمان چووین بۆ لای دایکمان، ئەویش وتی: لە دینی ئێوە لانادەم، وا منیش موسڵمان بووم و باوەڕم هێنا، ئینجا کەوتینەڕێ هەتا چووینە ناو قەومەکەی خۆمان - غیفارییەکان -، ئەوەبوو نیوەیان موسڵمان بوون.[١]

---

(١) صحيح مسلم، الرقم ٢٤٧٣.

ئەبووذەر ڕەزای خوای لێ بێت، لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نەمایەوە هەتا شتێکی زۆری لێوە فێر ببێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی موسڵمان بوو و شتە پێویستەکانی لێوە فێر بوو، فێری نوێژ و دەستنوێژ بوو، وەك لە گێڕانەوەی دووەمدا باسکراوە، خێرا بانگەوازی براکەی و دایکی کرد، دواتر کە گەڕایەوە ناو قەومەکەشی، بانگەوازی ئەوانیشی کرد، ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە نیوەیان موسڵمان بوون، نیوەکەی تریش، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە، پاش کۆچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ مەدینە موسڵمان بوون.

هەروەها بەسەرهاتی مالیکی کوڕی حوەیرث و ئەو گەنجانەی لەگەڵی بوون، ئەوانەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێکردن بگەڕێنەوە ناو کەسوکاری خۆیان و دینی خوایان فێر بکەن و فەرمانیان پێ بکەن بە چاکە، خودی مالیك ڕەزای خوای لێ بێت، دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئێمە چەند گەنجێکی نزیك لە یەك بووین کە هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ماوەی بیست شەو و ڕۆژ لەلای ماینەوە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆر نەرم و نیان و میهرەبان بوو، کاتێك زانیی تاسەی کەسوکارمان دەکەین، سەبارەت بە کەسوکارمان پرسیاری لێکردین،

ئێمەش وەڵاممان دایەوە، ئەویش فەرمووی: (ارْجِعُوا إِلَى أَهْلِيكُمْ، فَأَقِيمُوا فِيهِمْ وَعَلِّمُوهُمْ وَمُرُوهُمْ - وَذَكَرَ أَشْيَاءَ أَحْفَظُهَا أَوْ لاَ أَحْفَظُهَا - وَصَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي، فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ، وَلْيَؤُمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ)،[1] (بگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکارتان و لەنێویاندا بمێننەوەو دینیان فێر بکەن و هانیان بدەن ئەو شتە و فلانە شت بکەن - بڕێك شتی فەرموو کە بیرم ماوە یان بیرم نەماوە - بەو چەشنە نوێژ بکەن کە بینیتان من دەیکەم، هەرکات کاتی نوێژ هات، با یەکێکتان بانگتان بۆ بدات، با گەورەیەکیشتان بەرنوێژیتان بۆ بکات).

ئەگەر تەنها زانایان و زانستخوازان بانگەوازیان بکردایە، ئەو کارە بەرز و بەنرخە پەك دەخرا، چونکە زانایان و زانستخوازان لە کۆمەڵگەدا کەمینەن، ئەگەر وابوایە، فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە لە کۆمەڵگەدا و بانگەوازی کەسانی ناموسڵمان، لە بازنەیەکی تەسك و سنووردار‌دا دەمایەوە.

ئەو کەسەی زانستی لا نیە، بە بەکارهێنانی چەندین پێناوی بەردەست، بانگەوازی خەڵك دەکات بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەران و زانایان، وەك خوای گەورە سەبارەت بە

---

(١) صحيح البخاري، الرقم ٦٣١.

بەسەرهاتی پیاوەکەی ناو سوورەتی یاسین دەفەرموێت:

**(وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ، اتَّبِعُوا مَنْ لَا يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُمْ مُهْتَدُونَ).**[١]

(پیاوێک لەو سەری شارەوە بە هەڵە داوان بۆ لای خەڵکەکە هات، وتی: ئەی هۆزەکەم! بکەونە دوای ئەو پەیامبەرانە بۆ لای ئێوە ڕەوانە کراون، پەیرەوی ئەوانە بکەن کە تەنانەت کەمێ کرێیشیان لێ ناوێن بۆ ڕاگەیاندنی بەرنامەکەی خوا، خۆیشیان شارەزاو ڕێنموونی کراون بۆ ڕێی ڕاست).

دەی با هەرکام لە ئێمە، بەپێی ئەو زانست و کات و توانا و سامانەی هەیەتی، دەستپێشخەریی بکات لە بڵاوکردنەوەی چاکەدا.

(١) یس: ٢٠-٢١.

## گومانی ئەوەی گوایە زۆربەی خەڵك فەوتاون

فوضەیلی کوڕی عیاض ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێت: لە ڕێگەکانی ڕێنموونی مەترسە، لەبەرئەوەی خەڵکەکەی کەمن، بە زۆریی مالوێران و لەناوچوانیش هەڵمەخەڵەتێ.[1]

ئەگەر بانگخوازێك شتێك بڵێت و خەڵکی شوێنی نەکەوتن، چی ڕوودەدات؟ خوای گەورە دەفەرموێت:

(فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ).[2]

(ئینجا ئەگەر بەهاتنەکەت بەهرەمەند نەبوون، دڵ زویر مەبەو بڵێ: من هەر خوام بەسە، بێ لەو خوایە هیچ پەرستراوێک نییە شیاوی پەرستن بێت، هەر بەویش پشت دەبەستم و هەر ئەویشە خاوەن و پەروەردگاری عەرشی گەورە).

ئەگەر بانگخواز دڵی تەنگ بوو چی بکات؟ خوای گەورە دەفەرموێت:

---

(١) ابن مفلح: الآداب الشرعية.

(٢) التوبة: ١٢٩.

**(وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ، فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ، وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ)،**[١]

(بەڕاستیی ئێمە دەزانین کە تۆ لەقسەی ناپەسەندی ئەوانە سنگ و دڵت تەنگ دەبێ جا تۆیش بۆ لابردنی ئەو نارەحەتیی و دڵتەنگییە، هەر شوکری پەروەردگاری خۆت بکە و هەردەم لە کڕنووشبەران بە و هەمیشە پەروەردگاری خۆت بپەرستە، تا ئەوکاتەی یەقین (مەرگ)ت بۆ دێت).

پرسیار کرا لە سوفیانی ثەوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت: ئایا کەسێك کە بزانێت قسەی لێ وەرناگیرێت، قسەی خۆی بکات بۆ ئەو خەڵکە؟ وتی: بەڵێ، هەتا ئەوە ببێتە پۆزشێك بۆ خۆی لەلای خوا.

ئەگەر خەڵکی موسڵمان نەبوون، چارەسەر ئەوەیە بانگخواز زیاد بکەین و پێداچوونەوە بە خۆماندا بکەین و جوانتر و چاکتر پەیامەکە بگەیەنین، بەهرە و توانا و خۆڕاگری و ورەبەرزیی و بەرگەگرتنمان زیاتر بکەین.

---

(١) الحجر: ٩٧-٩٩.

## ورە بـــەرزیی

لە گەورەترین هۆکارەکانی بردنەوەو سەرکەوتن، بریتیە لە ورەبەرزیی و بێهیوانەبوون و خۆبەدەستەوە نەدان.

دوو جۆر خەڵك هەن، بزانە تۆ لە کامیانیت:

**یەکەم:** کەسێك تووشی بێهیوایی و بێ ئومێدی دەبێت و هێز و تواناکانی دادەڕمێن و لە خەفەتدا چاوەکانی فرمێسك دەڕێژن، ئەم جۆرە کەسانە ورەیان لاوازە و هەمیشە شکست هاودەمیانە.

**دووەم:** کەسێك کاتێك لە سەرەتاوە تووشی شکست دەبێت، جار دوای جار هەوڵ دەدات و ئەو شکستە هێز و سووربوونی لەسەر درێژەدان بە ڕێگەکە زیاتر دەکات، بەوپەڕیی توانا و سووربوونەوە، هەموو لەمپەرەکان تێدەپەڕێنێت و هەموو بەربەستەکان تێکدەشکێنێت، ئەمانە کەسانی ورەبەرزن.

دەی برای بانگخواز، لەم ئایەتە رابمێنە (وکفى بربك هاديا و نصيرا)، (خوات بەسە ڕێنموونیکەر و سەرخەرت بێت)، بۆیە دڵنیابە کە هەتا لەگەڵ خوا

بیت، سەرکەوتن هاودەمت دەبێت، خوای گەورە خۆی ڕێنموونیت دەکات و سەرت دەخات، ئیتر خەفەت و سەرکۆنە بۆچی؟! تەمبەڵیی و ساردوسڕیی بۆچی؟!

دەستەوسان مەبە و خۆت بەدەستەوە مەدە، وریای ئەو دەردە بە، چونکە لەناوبەرە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَلَا تَعْجَزْ)،[١] (سووربە لەسەر ئەوەی کە سوودت پێ دەگەیەنێت، پشت بە خوا ببەستە و دەستەوسان مەبە و خۆت مەدە بەدەستەوە)، خودی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پەنای دەگرت بە خوا لە تەمبەڵی و دەستەوسانی و خۆبەدەستەوەدان.

بزانە خوای گەورە چۆن سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات کە خوویان داوەتە دنیا و خۆشیەکانی و پشتیان هەڵکردووە لە ڕۆژی دوایی و خۆشی و بەخششەکانی:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انْفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ أَرَضِيتُمْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الْآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ، إِلَّا تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ)،[٢]

---

(١) صحيح مسلم، الرقم ٢٦٦٤.
(٢) التوبة: ٣٨-٤٠.

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! چیتانە کەپێتان دەگوترێ: بچنە جیهاد لەڕێی خوادا لەشگران و تەمەڵن و، بەزۆر خۆ دەنووسێنن بەزەوییداو، دوای پێغەمبەر ناکەون، ئاخۆ لەبەر ئەوەبێ کەژیانی ئەم دونیایەتان لە قیامەت پێ باشتربێ ؟ جا ئەر لەبەر ئەوەبێت، خۆ ژیانی ئەم دونیایە لەچاو ژیان و گوزەرانی دوا ڕۆژ، شتێکی زۆرکەم و بێ بایەخە ئەگەر گشت بەجارێ بەرەو مەیدانی جیهاد لەگەڵ پەیامبەردا دەرنەچن، خوا سزایەکی ئێش پێگەیەنەرتان ئەداو، دوژمنیش زاڵ ئەکات بەسەرتانا و ئێوە لادەباو خەڵکێکی تر دەخاتە جێگاتان، خۆ بە دواکەوتنیشتان لە جیهاد ناتوانن بەرهەڵستی بووەستن و، هیچ جۆرە زیانێکی پێبگەیەنن وە خواش بەسەر هەمووشتێکدا بەتوانایە، ئەگەر ئێوە یارمەتی پەیامبەر نەدەن و، لەگەڵی نەچن دڵنیابن خوا یارمەتی دەدا، هەر چۆن یارمەتیدا).

کەسی ورەبەرز، هیچکات ڕێ نادات بە مردنی خۆی، چاکەکانی بە کۆتا بگەن.

کەسی ورەبەرز بە کەم رازی نابێت و تەنها بەرزی و بڵندیی لا پەسەندە، لە لووتکەکاندا نەبێت، رازی نابێت لە نزمیەکاندا بژی.

## نەرمونیانیی، پۆشاکی جوانیی بانگخوازە

خوای گەورە دەفەرموێت: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ).

(بەهۆی ڕەحمەت و بەزەیی ومیهرەبانی خواوەیە، تۆ ئەی پێغەمبەر! ئەوەندە نەرم و نیان بووی لەگەڵیان، خۆ ئەگەر کەسێکی تووڕەو قسە ڕەق و دڵ ڕەق بای، دەوروبەریان چۆڵ دەکردی و لێت دوور دەکەوتنەوە، دەسا تۆ ئازار و هەڵەکانیان ببەخشە و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە و لە کاروباردا راوێژیان پێ بکە، هەرکات نیەتی ئیش و کارێکت هەبوو و بڕیارت لەسەر دا، پشت بە خوا ببەستە، بەراستی خوای گەورە، ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە پشت بە خوا دەبەستن).

تەنانەت پێغەمبەری خوا (صلی الە علیە وسلم) کە چاکترینی مرۆڤایەتییە، ئەگەر کەسێکی تووڕەو قسە ڕەق و دڵ ڕەق بوایە، ئەو خەڵکە لەدەستی ڕایاندەکرد،

مرۆڤەکان، بەدیهێنراوی سۆزدارن و وتەی جوان ڕایاندەکێشێت و تانە و زبریی و سەرکۆنە، وایان لێ دەکات دوور بگرن.

زانایانی کۆن و ئێستایش دانیان بەوەدا ناوە کە بانگەواز بۆ لای خوا بەرپرسیارێتی هەموو موسڵمانێکە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ

## حوکمی بانگەواز

زانایان ڕاجییان هەیە سەبارەت بە واجببوونی بانگەواز بۆ لای خوا، ئایا فەڕزی عەینە یان فەڕزی کیفایەیە؟ هەیانە پێی وایە فەرزی عەینە لەسەر هەر موسڵمانێك لە هەردوو ڕەگەز، بۆ ئەمەش بەڵگەی ناو قورئان و سوننەت دەهێننەوە، ئەگەر ئەمڕۆش بانگەوازی ڕێی خوا فەرزی عەین نەبێت لەکاتێکدا هەموو گەلان هەڵیانکوتاوەتە سەرمان و ژمارەی ئەوانەی دەستیان داوەتە بانگەواز زۆر کەمە، ئیتر ئەبێت کەی فەڕزی عەین بێت؟ هەشیانە پێی وایە فەرزی کیفایەیە.

بێگومان بانگەوازی ڕێی خوا واجبە لەسەر هەر موسڵمانێکی نێر و مێ، هەرکەسەو بەپێی زانست و توانای خۆی، هەتا هەموو دین بۆ خوا بێت و پەیامی خواش باڵا بێت.

بانگەواز بەرپرسیارێتیی هەموو ئوممەتە، هاوکات پێویستیی هەموو ئوممەتیشە، چونکە بانگەواز لە

گەورەترین هۆکارەکانی رێنموونیی و زیادبوونی ئیمان و زۆربوونی کردەوەیە.[(١)]

هەندێکیان تاوانبارن ئەگەر بانگەواز نەکەن، جا چەند زانستخواز هەن کە ماڵ و سامانی موسڵمانانیان بۆ خەرج کراوەو زانست و بەهرەیەکی زۆریان هەیە، کەچی دواتر بە بیانووی گەڕان بە دوای رۆزیی و ژیاندا، واز لە بانگەواز دەهێنن، بەڵێ، راستە ئەوان پێویستیان بەوەیە بە دوای رۆزیی و ژیاندا بگەڕێن، بەڵام نەوەك هەموو توانا و هێز و وزەیان لەوەدا خەرج بکەن، با نیوەی کات و سامانیان بۆ بانگەواز دابنێن، چەند موسڵمان هەن کە سامانیان لایە و لە هەموو شتێکدا خەرجی دەکەن لە بانگەوازدا نەبێت.

---

(١) محمد بن إبراهيم بن عبدالله التويجري: موسوعه الفقه الإسلامي.

## پێگەی بانگەواز

شێخ موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی تویجیری سەبارەت بە پێگەی بانگەواز دەڵێت: بانگەواز بۆ لای خوا، ئامانجی خوا لە بەدیهێنانی بەدیهێنراواندا دێنێتەدی، ئەویش پەرستشی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵە، بۆیە بانگەواز دایکی کردەوەکانە، بەهۆی بانگەوازەوە فەرز و سوننەت و ڕەوشتەکان دەبووژێنەوە، بەڵکو هەموو دین لە هەموو جیهاندا دەبووژێتەوە، بانگەواز بۆ لای خوا لە گەورەترین پیشەکانە، پەرستشیش گەورەترینی کردەوەکانە، پیشەی بانگەواز بۆ لای خوا وەك پیشەی پادشا وایە، پیشەکانی تریش وەك پیشە خوارترەکانی وەك کرێکاری و کارگوزاری وان، زۆرکەس هەن سەرقاڵن بە کارگوزارییەوە و وازیانهێناوە لە پیشەی پێغەمبەران کە بریتیە لە بانگەوازی ڕێی خوا و فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە و ئامۆژگاریکردنی هەر موسڵمانێك.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بیستووتانە ڕێزدارییەك هەبێت زیاتر لە ڕێزداریی بانگخواز؟

پێگەیەکتان بینیوە بگاتە پێگەی بانگەواز؟

ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە، دەی گەنجان، دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە ڕێی بانگەواز بگرنەبەر با پاداشت و ڕێز و گەورەیی و بڵندیی لە پێگەیەکی بەرزی لای پەروەردگار بەدەست بهێنن، لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا بن، هاوەڵیی ئەوانەش چاکترین هاوەڵییە.

## سزای وازهێنان لە بانگەوازی ڕێی خوا

پاش ئەوەی باسی فەزڵ و گەورەیی کاری بانگەوازیمان خستەڕوو، پێویستە سزا و سەرەنجامی وازهێنان لە بانگەواز، وەبیرخۆمان بهێنینەوە، چونکە خوای گەورە هەڕەشەی سزای لەو کەسانە کردووە کە ساردوسڕیی دەنوێنن لە بەجێگەیاندنیدا.

حوذەیفەی کوڕی یەمان ڕەزای خوای لێ بێت، لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقَابًا مِنْهُ ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلَا يُسْتَجَابُ لَكُمْ)،[1] (سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگریی لە خراپە دەکەن، یان خەریکە خوای گەورە لای خۆیەوە سزایەك بنێرێت بۆ سەرتان، ئینجا لێی بپاڕێنەوەو وەڵامتان نەدرێتەوە).

---

(١) رواه الترمذي، الرقم ٢١٦٩ و قال حديث حسن.

ئەمە واتە ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم گیرابوونی نزاکانمان، بریتین لە وازهێنان لە فەرمان بە چاکە وڕێگریی لە خراپە، وەك چۆن پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (مُرُوا بِالْمَعْرُوفِ، وَانْهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ، قَبْلَ أَنْ تَدْعُوا فَلَا يُسْتَجَابَ لَكُمْ)،[1] (فەرمان بکەن بە چاکە و ڕێگریی بکەن لە خراپە، پێش ئەوەی بکەونە نزاکردن و وەڵامی نزاکانتان نەدرێتەوە).

بابەتەکە زۆر گەورەیە و دڵ دەلەرزێنێت، کەشتیی کۆمەڵگە چۆن ژێرئاو ناکەوێت ئەگەر وازبهێنین ئەوانەی خوارەوە لە قاتەکەی خۆیانەوە کونێك بکەنە کەشتیەکە، بە بیانووی ئەوەی ئازادییەکی تاکەکەسییە، ئەگەر ڕێ بدەین، ئەوکات هەموو ئەوانەی لەسەر کەشتیەکەن، لەناودەچن، بەڵام ئەگەر ئەوانەی سەرەوە ڕێگریی بکەن لەو کارەی ئەوانەی خوارەوەو وەك ئازادییەکی تاکەکەسیی تەماشای نەکەن، ئەوکات هەموان ڕزگار دەبن.

---

(١) سنن ابن ماجة، الرقم ٤٠٠٤، حسنه الألباني.

## گەورەترین پیشە و گەورەترین سزا

بانگەواز بۆ لای خوا گەورەترین پیشەیە، وازهێنانیش لە بانگەواز، گەورەترین سزای هەیە، سزاکانی وازهێنان لە بانگەواز زۆرن، لەوانەش:

### یەکەم: گۆڕیـــــن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾.(١)

(ئەگەر لەم دینە پشت هەڵ بکەن، خوای گەورە ئێوە دەگۆڕێ بە قەوم و گەلێکی تر، ئەوسا ئەوانیش وەک ئێوە نابن).

---

(١) محمد: ٣٨.

**دووەم:** نەفرەت و بێبەشبوون لە ڕەحمەتی خوا:

خوای گەورە دەفەرموێت: (لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ، كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ)،

(لەسەر زمانی (داود)و (عیسای کوڕی مریەم)، نەفرین و نەعلەت، لەو (بەنی ئیسرائیل)ـە کافرو بێ باوەڕانە کرا، چوون ئەوانە لەسنوور دەرچوون و پیشەیان هەر دەستدرێژی بوو و نەریتیشیان وابوو ڕێیان نەدەگرت لەوخراپەو تاوانانە دەیانکرد، ئای چ کارێکی زۆر خراپیان کرد).

**سێیەم:** ڕق و کینە و دژایەتـی:

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللَّهُ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ).[١]

---

(١) المائدة: ٥٤.

(هەروەها پەیمانمان لەوانەش وەرگرت گوتیان: ئێمە نەسارایین، بۆئەوە یارمەتیدەری ئایینی خوابن، کەچی ئەو بڕیارو ئامۆژگاریە کرابوون زۆرێکیان لەبیرکرد، ئینجا ئێمەیش تا ڕۆژی بەریێ دوژمنایەتی و ڕکە بەرایەتیمان لە نێوانیاندا بەرپاکرد، لەخوا ئاگاداریان ئەکات لەو کارانەی ئەیانکرد).

## چوارەم: لەناوچوون و ماڵوێرانی:

خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ، فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ).[١]

(جا کە ئەو هەموو ئامۆژگاریەیان لەبیر خۆبردەوە کە لەسەر زمانی پەیامبەران کرابوون، ئێمەیەش بۆ خەفڵاندنیان دەروازەی هەموو خێرێکمان بۆ والآکردنەوەو ڕزق و ڕۆزییەکی فرەمان ڕشت بەسەریانداو، ئەوانیش خۆشیی و نیشوە گرتنی هەتا بەوماڵ و منداڵەی پێماندابوون، دەعیەو فیزگرتنیی و لەرێی ڕاست لایاندا،

(١) الأنعام: ٤٤-٤٥.

ئەوسا ئێمەیش کتوپڕێک قارمان لێگرتن و، ئەوانیش لەوهەموو خۆشگوزەرانیە بێ هیوا و ناهۆمێد بوون، ئینجا ئەوانەی کە ناهەقیی وستەم پیشەیان بوو، هەموو خێرو خۆشیەکیان لەکیس چوو و دوا بڕاوبوون، سوپاس و ستایشی بێ پایانیش بۆخوای پەروەردگاری جیهانەکان).

**پێنجەم: جیاوازی و دووبەرەکی و سزای دنیا و دواڕۆژ:**

خوای گەورە دەفەرموێت: **(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ، وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ).**[١]

(پێویستە هەمیشە کۆمەڵ ودەستەیەک لەئێوە ببێت ئەی موسڵمانان! مەردم بۆ ڕێی خێرو چاکە بانگ بکەن وفەرمان بەچاکە بدەن و ڕێ لەخراپە بگرن، دیارە ئەوانەن سەرفرازو بەختیار).

---

(١) آل عمران: ١٠٤-١٠٥.

ئەگەر ئوممەتێك واز لە بانگەوازی ڕێی خوا بهێنن، تووشی سێ ئافەت و مەینەتیی دەبن:

**یەکەم:** گرنگیدان بە دنیا و پشتگوێخستنی ڕۆژی دوایی.

**دووەم:** خەرجکردنی ماڵ و سامان و کات و بیرۆکەی دوور لە بەرژەوەندیی دین.

**سێیەم:** پێشەنگیکردن بە بێباوەڕانەوە لە ڕێڕەوی ژیاندا و فێربوون لەوانەوە و گواستنەوەی ڕێڕەوی ژیانی بێباوەڕان بۆ نێو وڵاتی موسڵمانان.

ئەگەر بانگەوازی ڕێیی خوا بەرپاکرا، سەرجەم دەرگاکانی خێر و چاکە دەکرێنەوە، بەمەش ئیمان و کردەوەی چاك دەچێتە نێو ژیانی خەڵکەوە، ڕەوشتە جوانەکانی خۆڕاگریی و لێبوردەیی و چاکە و میهرەبانی، لە ژیانیاندا دەردەکەون، بێباوەڕان دێنە ناو ئیسلامەوەو سەرکەشانیش خوو دەدەنە گوێڕایەڵیی خوا.

ئەگەر وازبهێنین لە بانگەوازی ڕێی خوا، هەموو دەرگاکانی خراپەمان بە ڕوودا دەکرێنەوەو هەرچی خراپەیە دێتە ناومان و چی چاکەیەکیش هەیە، دەڕوات.

هەرکات ئیمان و کردەوەی چاك و ڕەوشتی جوان لەنێوماندا نەما، لەبری ئەوە کوفر و کرداری خراپ و ڕەوشتی ناپەسەند جێی دەگرێتەوە، پاشان لە کۆتاییشدا

خەڵکی بە شەپۆل لە ئایینی خوا دەچنە دەرەوە، وەك چۆن لە سەرەتاوە بە شەپۆل هاتنە نێو ئیسلامەوە، ئەوە سوننەتی خوایە و هەرگیزیش سوننەتی خوا ناگۆڕدرێت.

هەموو موسڵمانێك بەرپرسەو دواتر خوای گەورە لەسەر کاری تاکەکەسی کە پەرستشە، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، هەروەها لەسەر کاری بەکۆمەڵیش کە بانگەوازە بۆ ڕێی خوا، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لە بانگخواز و بانگهێشتکراویش دەپرسێتەوە ئایا لە ژیانی دنیادا چییان کردووە.

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ، فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِمْ بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَائِبِينَ، وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ، وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ بِمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ﴾.(١)

(دڵنیابن لەو کەسانە پەیامبەرانیان بۆ هاتووە دەپرسینەوەو دەڵێین: ئاخۆ کاتێ بەرنامەی خواتان پێ ڕاگەیەنرا لەلایەن پێغەمبەرانەوە وە لە پێغەمبەرەکانیش دەپرسین: ئەرێ بەرنامەکەی خواتان گەیاند..؟ ئینجا بە ڕاستیی سەرلەبەر چییانکردووە بێ زیادو کەم وەک

---
(١) الأعراف: ٦-٩.

خۆی بۆیان ئەگێڕینەوە قەتیش ئێمە لێیان بێ ئاگاو نادیار نەبوین وە کێشانەو لێکدانەوەی کاروکردەوەی گشت ئەو خەڵکانە، لەو ڕۆژی قیامەتەدا بەڕاستیی و دادگەرانە دێتە پێش و، ستەم لەهیچ کەسیش ناکرێت، ئینجا هەر کەسێک تای تەرازووی کردەوەکانی گران و قورس بێت لای خوا دیارە هەر ئەوانە بەختیار و سەرکەوتوو سەرفرازن، کەسێکیش کە تای تەرازووی کاروکرداری سووک و بێ بەهابوو ئەوانەش، ئەوانەن کە زیانیان بە خۆ گەیاندو خۆیان فەوتاند، چونکە لە بەرامبەر ئایەت و نیشانەکانی ئێمەوە ستەمیان کردو، ڕوویان لێوەرگێڕان).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)﴾.

(سوێند بە کات و ڕۆژگار کە چەندە گرنگ و بە نرخە بەڕاستیی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بە تایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لە زیانێکی گەورەدایە جگە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە و وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بە هەق و وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بە صەبرو خۆڕاگریی لەسەر هەق و ئایینی خوا).

لەمڕۆدا ئوممەتی ئیسلامیمان ئوممەتێکی بێهێز و بێدەسەڵاتە و کراوەتە ئامانج، هەموو گەلان سەریان تێکردووە، وەك چۆن دەستەیەك سەردەکەنە سەر خواردنێك، هۆکارەکەشی کەمتەرخەمیی موسڵمانانە لە بواری فەرمان بە چاکە، بەمەش تاوان و نەفامیی بڵاوبوویەوە.

کێ ئەوەی بۆ خۆی پێ خۆشە کە لە سیفەتی ئەو باوەڕدارانە دابماڵرێت کە فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگریی دەکەن لە خراپە؟! بێگومان هیچ موسڵمانێکی ژیر ئەوەی بۆ خۆی پێ خۆش نیە.

زانای پایەبەرز حەمد بن عەتیق دەڵێت: ئەگەر قەدەر وابێت پیاوێك بەرۆژ بەڕۆژوو بێت و بە شەویش شەونوێژ بکات و بەرامبەر هەموو دنیا زوهد بگرێتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر خوا تووڕە نەبێت و لەپێناو خوادا دەموچاوی تێك نەچێت، جارێك چوون جاران لەبەر خوا سوور هەڵنەگەڕێت، فەرمان نەکات بە چاکە و ڕێگریی نەکات لە خراپە، ئەوە ئەو پیاوە لای خوا لە بێزراوترین کەسەکانە و ئاییندارییەکی زۆرکەمی هەیە، کەسانێك کە تاوانی گەورەیان کردووە، لای خوا حاڵیان لەو کەسە باشترە.[١]

---

(١) عبدالملك القاسم: الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: چ دینداری و خێرێك لەو کەسانەدایە کە دەبینین سنووری خوا دەبەزێنرێت و واز لە ئایینەکەی دەهێنرێت و دەستبەرداری سوننەتەکەی دەبن، کەچی ئەمان لەولاوە دڵسارد و زمان بەستراو چەشنی شەیتانێکی لاڵ بێدەنگ دەبن، وەك چۆن ئەوەی قسەی پووچ دەکات شەیتانێکی قسەکەرە، مەگەر نەگبەتی دین هەر لەوانەوە نیە کە ئەگەر خۆراك و پلەو پایەیان پارێزراو بێت، ئیتر هیچ باکێکیان نیە بەوەی چی بەرامبەر بە دین دەکرێت؟! .. ئەوانە وێڕای ئەوەی لە چاوی خواوە بە کەوتوو هەژمار دەکرێن و خەشمی خوا دەیانگرێتەوە، لە دنیاشدا تووشی گەورەترین نەگبەتی دەبنەوە، بەڵام هەستی پێ ناکەن، چونکە دڵ مردون، هەرکات دڵ لە ژیانێکی باشدا بوو، تووڕەبوونی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی بەهێزتر و سەرخستنی دین بە کاملتر دەگرێت.(١)

ئوممەتی ئیسلامی تەنها کاتێك خێری تێدا دەمێنێتەوەو گەورەیی و ڕێزداریی و شکۆمەندی و براوەیی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە کە ژن و پیاو و سەرجەم ئەندامانی، هەریەکەو بەپێی توانای خۆی دەست بدەنە بڵاوکردنەوەی چاکە، بە ئەنجامدانی ئەمەو پێشبڕکێ کردن لەم بوارە و پێشخستنی

---

(١) إعلام الموقعين (١٧٦/٢).

ڕەزامەندیی خوا بەسەر دنیادا و خووگرتن بە حەق و ڕاستی و هاوکاری یەکدی لەو بوارەدا، هەریەکەو بەپێی ئەو بارودۆخەی تیایدایە، ڕەزامەندی خوا و دەستبردن بۆ چاکە و دوورخستنەوەی خراپە بگرێتەبەر، بەم چەشنە ئوممەت دەگەڕێتەوە باری دروستی خۆی.

بەڵام بە خەڵەتان بە دنیا و جوانیەکانی و بێئاگابوون لە خوا و وازهێنان لە فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە، زەلیلی و سەرشۆڕیی و ئابڕووچوونی دنیا و دوارۆژمان تووش دەبێت، خەم و خەفەت و نەمانی بەرەکەت و تووشبوون بە ئافەت و نەگبەتیی دێتەڕێمان.

ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی هاوکارە بۆ سەرخستنی دین ئەگەر بە نیو وشەش بێت، وازهێنانی بەندە لەو بەشە توانایەی کە هەیەتی لە بانگەوازکردن بۆ ئیسلام، فەوتان و لەناوچوونی بەدواوەیە.[١]

(١) الشیخ سعدی رحمە اللە.

## بانگخواز كێیە؟

بانگخواز كەسێكە كە بزەیەك یان دیارییەك یاخود كتێبێك یان زانستێك دەبەخشێت بە كەسێكی نەشارەزا، یان فەرمان دەكات بە چاكەیەك و ڕێگریی دەكات لە خراپەیەك، یاخود وتەیەك پێشكەش دەكات، تۆمارێكی دەنگیی یان ڕەنگی لە پێناوەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە دەنێرێت، هەموو ئەمانە ئەگەر نیەتی بانگەوازی لەگەڵ بێت، ئەو كەسە دەبێتە بانگخواز، ئەوەش فەزڵی خوایە و خوای گەورە بە هەركەسێكی دەدات كە خۆی بیەوێت، فەزڵی خواش زۆر گەورەیە:

(ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ).

## هەڵوەشێنەرەوەکانی بانگەواز

وەك چۆن ئیسلام چەند هەڵوەشێنەرەوەیەکی هەیە، بانگەوازیش بە هەمان شێوە چەند هەڵوەشێنەرەوەیەکی هەیە، لەوانە:

ڕووپامایی و تێرخواردن لە دنیا بەسەر دینەوەو فرۆشتنی فەرمایشتی خوا و پێغەمبەرەکەی بەرامبەر بە حەقدەستێك، بانگەوازکردن بۆ خود و حەزی ناوبانگ پەیداکردن، بانگەوازکردن بۆ دەمارگیریی نەفامی و ڕەگەزپەرستیی، وەك ئەوەی کەسێك بانگەواز بکات بۆ حیزبێك یان تاقم و کۆمەڵێك و جگە لەوان بانگەواز لە کەسی تر وەرنەگرێت، لەکاتێکدا خوای گەورە فەرمانی پێکردوین بانگەواز بۆ خۆی بکەین و جگە لەو بانگەواز بۆ کەسی تر نەکەین.

هەرکەس واز لە بنەڕەتەکانی بانگەواز بهێنێت و بە ئارەزووی خۆی بانگەواز بکات، تووشی چەندین ئافەت و مەینەتیی دەبێت، لەوانە: پیاهەڵدانی خود و سەرسامبوون بە خۆ و خۆبەزلزانین و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی پۆست و ناوبانگ و بەکەم تەماشاکردنی کەسانی دی، وردبوونەوە لە کەموکورتی بانگخوازانی ڕێی خوا، پارە

خەرجکردن بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی و وازهێنان لە بەخشین لەپێناو ئیسلامدا، فەرز و کارە چاکەکانی لەسەر سەخت دەبێت و خوو دەداتە موباحەکان، کات بەفیڕۆدانی لە ئارەزووبەسەر بردن و مشتومڕدا لا ئاسایی دەبێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ، فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ).

(جا کە ئەو هەموو ئامۆژگاریەیان لەبیر خۆبردەوە کە لەسەر زمانی پەیامبەران کرابوون، ئێمەیەش بۆ خەفڵاندنیان دەروازەی هەموو خێرێکمان بۆ والآکردنەوەو رزق و رۆزییەکی فرەمان ڕشت بەسەریانداو، ئەوانیش خۆشیی و نیشوە گرتنی هەتا بەوماڵ و منداڵەی پێماندابوون، دەعیەو فیزگرتنیی و لەرێی راست لایاندا، ئەوسا ئێمەیش کتوپڕێک قارمان لێگرتن و، ئەوانیش لەوهەموو خۆشگوزەرانیە بێ هیوا و ناهۆمێد بوون، ئینجا ئەوانەی کە ناهەقیی وستەم پیشەیان بوو، هەموو خێرو خۆشیەکیان لەکیس چوو و دوا براوبوون، سوپاس و ستایشی بێ پایانیش بۆخوای پەروەردگاری جیهانەکان).

## قۆناغەكانی بانگەواز بۆ لای خوا

بانگەوازی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە سێ قۆناغدا تێپەڕی:

**یەكەم: قۆناغی گەیاندن و بڵاوكردنەوە:**

لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بانگەوازی كرد بۆ یەكخواپەرستی و ئیمان و پەرستنی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ و وازهێنان لە بتپەرستی و خستنەڕووی بەسەرهاتی پێغەمبەرانی خوا لەگەڵ گەلەكانیان، بانگەوازكردن بۆ ڕەوشتە جوان و كردارە باڵاكان.

ئەم قۆناغە لە مەككەدا دەستیپێكرد و هەتا كاتی وەفاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە بەردەوامیی هەبوو، دوای خۆیشی، هاوەڵانی درێژەیان پێدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا، وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا،**

وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُمْ مِنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا، وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا).(١)

(ئەی پێغەمبەر! ئێمە تۆمان ناردووە بە مژدە دەرو ترسێنەر، واتە: بە شاهید لەسەر خەڵک، وە بە مژدە دەر بۆ بڕواداره‌کان، وە بە ترسێنەریش بۆ بێ بڕواکان، خەڵکیش بانگ کەیت - بە فەرمانی خوا- بۆ یەکتاپەرستیی و بشبیتە چرایەکی نورانیی و ڕووناک بۆ خەڵکانی جیهان موژدەش بدە بە بڕواداران بەوەی کە: لە خواوە زیادە پاداشتێکی گەورەیان بۆ هەیە، هەرگیز گوێڕایەڵ و بەر فەرمانی بێ بڕوایان و دوو ڕووەکان مەبە و گوێ مەدە بەو ئەزیەت و ئازارەی پێشت دێنن و لە تەواوی کاروباتا هەمیشە پشت بەخوا ببەستە، تەنها خواش بەسە پارێزەرو یاریدەدەر بێت).

## دووەم: قۆناغی بنیاد و دامەزران:

لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گرنگیی دەدا بەو هاوەڵانەی کە موسڵمان بووبوون، لە ماڵی ئەرقەم لە مەککە پەروەردەی دەکردن و بە ئیمان و ڕەوشتی بەرز و جوان، دەروونی پاك رادەگرتن، هەتا

---

(١) الأحزاب: ٤٥-٤٨.

ئەو کاتەی توانای ئەوەیان پەیداکرد کار بکەن بۆ دین و بانگەوازی بۆ بکەن، ئەوکات خوای گەورە مۆڵەتی پێدان کۆچ بکەن بەرەو مەدینە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾.(١)

(لە دەستەی یەکەمی پێشەنگی کۆچکەران و پشتیوانان و چاک پەیڕەوانی ئەوانیش خوا ڕازیی بوو لێیان و ئەوانیش لە خوا ڕازییبوون، بەدەر لەوەش چەندان باخ و بێستانی بۆ سازداون کە: بە بەر درەخت و کۆشکەکانیدا ڕوبار گەلێ دەچێت بە هەتا هەتاییش تێیدا دەمێننەوە، هەر ئەوەیشە دەسکەوت و سەرفرازیی گەورەو بەنرخ).

## سێیەم: قۆناغی دەسەڵات و پێداکوتان:

ئەم قۆناغە لەو کاتەوە بوو کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لەوێ سەرجەم حوکمە شەرعیەکان دابەزین،

---

(١) التوبة: ١٠٠.

ئەو کاتەی ئیمانی هاوەڵان کامڵ بوو و ئامادەیی ئەوەیان پەیداکرد بتوانن سەرجەم فەرمانەکانی خوای گەورە لە هەر بارودۆخێکدا بەجێبگەیەنن، کاتێك ئیمان و تەقوا و لەخواترسان و کرداری چاك لەنێویاندا دامەزرا، خوای گەورە دەسەڵات و پێداکوتانی لەسەرزەویدا پێدان و خیلافەتی ئیسلامیی لە مەدینەدا دامەزرا و ئیسلام بڵاوبوویەوە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەمیر و نێردراوانی خۆی دەنارد بۆ ناوچەکان هەتا بانگەواز بکەن بۆ لای خوا و حوکم بە ئیسلام بکەن، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وەفاتی کرد.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾.[١]

(بێگومان خوا بەو کەسانەتان کە بڕوایان هێناوەو کارە چاک و جوانەکانیان ئەنجامداوە، بەڵێنیدا، لەم زەمینەدا بیانکا بە جێنشین و، کلیلی دەسەڵاتداری دونیایان تەسلیم بکا هەروەک چۆن موسڵمانانی پێش ئەوانی کردە جێنشین ئەو دین و ئایینەش خوا خۆی

---

(١) النور: ٥٥.

بۆی پەسەند کردوون، ڕیشە دارو سەقامگیرو سابت و دامەزراو دەکا بۆیان، وە ترس و بیمەکەشیان بۆ دەگۆڕێ بە ئارامیی و ئاسوودەیی، ئیتر ئەوکاتە تەنها من بپەرستن و هیچ شتێکش نەکەنە هاوبەشم).

## هەوڵ و تەقەلای بانگخواز

هەوڵ و تەقەلای بانگخوازی ڕێی خوا دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

**یەکەم:** هەوڵدان لەگەڵ خود:

ئەمەش بەوە دەبێت، کە دەروون رابهێنیت لەسەر گوێڕایەڵیی خوا و، پێچەسپاویی لەسەر پەرستش و گوێڕایەڵیی، هەتا مردن.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ).[١]

(ئەوانەی لە پێناوی ڕەزامەندی ئێمەدا هەوڵ و کۆشش و جیهادیان کرد، ئەوە بێگومان ئێمەش ئەوان ڕێنمایی دەکەین بۆ ڕێگاکانی بەهەشت و گەیشتنیان بە ئێمە، بەڕاستی خوا بەردەوام لەگەڵ چاکەکاراندایە).

---

(١) العنکبوت: ٦٩.

**دووەم:** هەوڵدان لەگەل دەوروبەر کە ئەمیش سێ جۆرە:

**أ:** هەوڵدان لەگەڵ بێباوەڕ بەو هیوایەی ڕێنموونیی وەربگرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

(أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ لِتُنْذِرَ قَوْمًا مَا أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ).(١)

(کافرو خوا نەناسەکان دەڵێن: موحەممەد خۆی هەڵیبەستووە؟ بۆیان نیە ئەوە بڵێن، بەڵکو ئەو هەقەیە لە لایەن پەروەردگارتەوە ڕەوانە کراوە، هەتا تۆ ئەو قەومەیە بترسێنی، کە پێش تۆ هیچ بێدارکەرەوەیەکیان بۆ نەهاتووە، بەشکو ئەوانە شارەزاو ڕێنمابن و ڕێگەی حەق و ڕاست دەرک بکەن و سەر لێشێواو نەبن).

**ب:** هەوڵدان لەگەڵ کەسی سەرکەش و لاسار هەتا ببێتە کەسێکی گوێڕایەڵ بۆ خوا، هەروەها هەوڵدان لەگەڵ کەسی نەزان هەتا ببێتە زانا، بێئاگا هەتا ببێتە هۆشمەند، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

---

(١) السجدة: ٣.

(وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).

(پێویستە هەمیشە کۆمەڵ ودەستەیەک لەئێوە ببێت ئەی موسڵمانان! مەردم بۆ ڕێی خێرو چاکە بانگ بکەن وفەرمان بەچاکە بدەن و، ڕێ لەخراپە بگرن، دیارە ئەوانەن سەرفرازو بەختیار).

ج: هەوڵدان لەگەڵ کەسی چاك هەتا ببێتە چاکساز، لەگەڵ زانا هەتا ببێتە مامۆستا، کەسی بە ئاگا هەتا ببێتە بەئاگاهێنەر.

## جۆرەکانی بانگخوازی رێی خوا

ئەوانەی سەرقاڵن بە بانگەوازەوە، چوار جۆرن:

**یەکەم:** خەڵکێك هەڵدەستن بە کاری بانگەواز چونکە کاریگەر بون بە رەوشتی بانگخوازانی رێی خوا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یەکێك لە بانگخوازەکاندا کێشەی بۆ دروست بوو، واز لە بانگەواز دەهێنێت و دەکەوێتە دژایەتیکردنی بانگخوازانی رێی خوا، ئەم جۆرە کەسانە لەبەرئەوەی ئامانجی گەیشتنیان ناتەواوە، ناگەنەجێ.

**دووەم:** کەسێك دەست دەداتە بانگەواز چونکە چارەسەی کێشەکانی و بەدیهێنانی حەز و ویستەکانی لەوەدا دەبینێتەوە، هەرکات بارودۆخی باش بوو و لە رووی دنیاییەوە پێشکەوت، سەرقال دەبێت بەوەوەو دەست لە بانگەواز بەردەدات، ئەمەش سەرەنجامی وەك ئەوەی پێشوو وایە.

**سێیەم:** کەسێك سەرقاڵ دەبێت بەبانگەوازەوە لەبەرئەوەی چاکە و پاداشتی دەستدەکەوێت، مەبەستەکەی بەدەستهێنانی

پاداشتە، ئەمە مەبەستەکەی تەنها بۆ خۆیەتی، جا هەرکات چاکە و پاداشتی لە ڕێی جیا لە بانگەوازیشدا بەدیکرد، بە ئاسانی دەست لە بانگەوازی ڕێی خوا بەردەدات.

**چوارەم:** کەسێك دەست دەداتە بانگەوازی ڕێی خوا لەبەرئەوەی فەرمانی خوایە و واجبی کردووە لەسەر هەموو موسڵمانێك، وەك چۆن پەرستش دەکات لەبەرئەوەی بە فەرمانی خوای دەزانێت، بە هەمان شێوەش هەڵدەستێت بە بانگەواز چونکە بە فەرمانی خوای دەزانێت، ئەم کەسە مەبەست و ڕێڕەوەکەی تەواوە و بەهۆی تێگەیشتنی و نیەتی تەواویەوە خوای گەورە پێچەسپاوی دەکات و پشتیوانی دەبێت و دەستواڵای دەکات بۆ ڕێنموونی مرۆڤایەتی و بەجێگەیاندنی فەرمانی خوا و بانگەوازی ڕێی خوا، ئەمەش بەرزترین و ڕێزدارترین جێ و پێگەیە، ئەم کەسە جێنیشنی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) لەنێو ئوممەتەکەیدا، لە خوا دەپاڕێینەوە ئێمەو ئێوەش لەم بەشە هەژمار بکات کە میراتگری پێغەمبەرانن (صەلات و سەلامی خوایان لێ بێت).

## چیت پێشکەشی دینەکەت کردووە؟

ئەگەر لە ڕۆژی دواییدا ئەم پرسیارەت لێ کرا، وەڵامت چی دەبێت؟

چاکترین وەڵام ئەوەیە بڵێیت: بانگەوازی خەڵکیم دەکرد بۆ ئیسلام، خەڵکیم بانگهێشت دەکرد بۆ بە تەنها پەرستنی پەروەردگاری جیهانیان.

هەموومان حەز دەکەین خزمەتی ئەم دینە بکەین، لووتکەی خزمەتکردنیش ئەوەیە خەڵکی بهێنینە نێو ئیسلامەوە.

ئەم ڕۆژانەی تیایداین، ڕۆژانێکەو تێدەپەڕن و جێیاندەهێڵیت، ڕۆژێك دێت ئەو بەخشش و خۆشیە گەورە و شوێن و مەنزڵە دەبینیت، چاوەڕوان بە و موژدەت لێ بێت کە خوا خۆشی دەوێت.

کەی دەتەوێت دەست پێ بکەیت و سواری کەشتیی بانگەواز بیت؟

من لێت ناپرسم ئایا دەتەوێت دەست بکەیت بە بانگەواز، چونکە ئەو پرسیارە شیاوی بەڕێزت نیە، بەڵکو دەپرسم بەتەمایت کەی دەست پێ بکەیت؟ ئێستا

بڕیار بدە و دوای مەخە، چاكە دواناخرێت و دەسی دەسیكردنی تێدا ناكرێت، نەبادا بۆ هەتاهەتایە لەدەستی بدەیت.

دەسی دەسیكردن بیرۆكە و پڕۆژەكان وێران دەكات، دەی لە لای خۆتەوە قۆناغ بە قۆناغ دەست پێ بكە، سەرەتا بە چەند وانەیەكی هۆشیاریی و هاندان سەبارەت بە بانگەوازی ڕێی خوا دەست پێ بكە، دەتوانیت سوود لە ناوەڕۆكی ئەم كتێبە وەربگریت و لە چەند ناوەندێكی جیاجیای گەنجان و بە تایبەت خوێندكارانی زانكۆكاندا، چەند پاوەرپۆینتێك بخەیتەڕوو.

ئینجا گوڵبژێری بەشداربوان جیا بكەیتەوە بۆ چەند خولێكی تایبەت بە هونەری بانگەواز لە چەند كاتێكی جیاوازدا، وەك خول و وانە و كۆڕ و چالاكی گەشت و فراوانكردنی دەستەی خۆبەخشان و هاوكارانی بانگەواز، دابەشكردنی پروشەر و نامیلكە بەسەر ناموسڵمانان و تێكەڵبوون لەگەڵیان، پەیڕەوكردنی بەهرە بانگەوازییەكان بەسەریاندا، ڕاهێنانیان و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ گەنجان و ڕاسپاردنیان بە چەند ئەرك و هاندانێكی ماددی و مەعنەوی، ئەنجامدانی چەند چالاكیەكی چێژبەخشی مانگانە یان دوو مانگ جارێك، بۆ ئەوەی پەیوەستیان بكەیت بە بانگەوازەوە.

لەم وتەی دکتۆر عەبدورەحمان سمیط (رەحمەتی خوای لێ بێت) وردببەرەوە کە دەڵێت: ئەوەی زۆر وام لێ دەکات بگریم، کاتێك چاوپێکەوتنێکم دەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە، دەبینم دەگرین بۆ ئەو باوباپیرانەیان کە بە ناموسڵمانی مردون، لەنێوماندا هاوار دەکەن: ئەی موسڵمانان، ئەوکات ئێوە لە کوێ بوون؟!

## هەتا زووتر بنەویتە بانگەواز، قازانجت زیاترە

کارگەیەکی پێڵاودروستکردن دوو نێردەی خۆی ناردبوو بۆ ناوچەیەکی دوورەدەست هەتا لێکۆڵینەوە بکەن لە چۆنێتی گونجان و نەگونجانی بەبازاڕکردن لەو شوێنە، ئەوانیش کە گەیشتنە ئەوێ، تێبینی ئەوەیان کرد خەڵکی گوندەکە پێڵاو بەکارناهێنن و ناشزانن چیە، شەو هەکام لەوان دانیشت و ڕاپۆرتی خۆی نووسی بۆ کۆمپانیاکە:

**یەکەمیان نووسی:** بارودۆخەکە بێهیواکەرە و خەڵکی ئێرە نازانن پێڵاو چیە، بۆیە ئێرە جێدەهێڵم.

**دووەمیان نووسی:** بارودۆخەکە لێرە زۆر ناوازەیە، دەکرێت خەڵکەکە فێر بکەین چۆن پێڵاو لەپێ بکەن، بۆ ئەمەش پلانێکم داناوە، بۆیە لێرە دەمێنمەوە.

ئێستا پاش ئەوەی شارەزای بەشێك لە واقیعەکەت بوویت، پێویستە ڕاپۆرتی خۆت بنووسیتەوە، دەڕۆیت، یان دەمێنیتەوە؟[١]

---

(١) من مقال: مهارات الدعوة في القرن الحادي والعشرين للدكتور جمال يوسف الهميلي في موقع (mqqal.com).

## پرســیارەکان

پرسیارەکانی تایبەت بە بەدەستهێنانی بروانامەی سەرکەوتن لە چەپکی ڕاهێنان لە کتێبی (گەوهەری موسڵمان لە فەزڵ و گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوادا)

### پرسیاری یەکەم:

نیو لاپەڕە بنووسە سەبارەت بە گرنگیی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی بانگەواز لەنێو موسڵماناندا.

### پرسیاری دووەم:

لە ساڵی (٢٠٣٠)دا پێویستمان بە چەند بانگخواز هەیە و دەتەوێت چ ڕۆڵێك بگێڕیت لە بەدیهێنانی ئەو ژمارە بانگخوازە بۆ موسڵمانان؟

### پرسیاری سێیەم:

دە خاڵ سەبارەت بە گەورەیی بانگەواز بۆ لای خوا باس بکە.

### پرسیاری چوارەم:

بەرهەمەکانی بانگەواز بۆ لای خوا چین؟

## پرسیاری پێنجەم:

سزای ئەو کەسە چیە، کە وازدێنێت لە بانگەواز بۆ لای خوا؟

## پرسیاری شەشەم:

لەوانەیە هەندێك كەس لەبەر گومانگەلێك واز لە بانگەواز بهێنن، باسی سێ گومان بكە كە بانگەواز پەكدەخەن.

## پرسیاری حەوتەم:

هۆكارەكانی كەنارگرتنی موسڵمانان لە ئەركی بانگەواز چین؟

## پرسیاری هەشتەم:

كەی و چۆن دەتوانیت یەكەم وانەی خۆت سەبارەت بە گەورەیی بانگەوازی ڕێی خوا پێشكەش بكەیت بۆ گەرمكردن و هاندانی موسڵمانان لەپێناو پیادەكردنی بیرۆكەی بانگەواز؟

## پرسیاری نۆیەم:

بۆ ئەوەی بانگەواز بكەین بۆ لای خوا، پێویستمان بە چیە؟

## پرسیاری دەیەم:

پرسیاری دەیەم: بەرهەمی بانگەواز تەنها ئەوە نیە خەڵكی موسڵمان ببن، بەڵكو چەند ئامانجێكی تر هەن كە ئەگەر كەسی بانگهێشتكراو موسڵمانیش نەبێت، ئەو ئامانجانە دێنەدی، ئامانجەكان كامانەن؟

## پرسیاری یانزەیەم:

وەك چۆن ئیسلام هەڵوەشێنەرەوەی هەیە، بانگەوازیش هەڵوەشێنەرەوەی هەیە، چەند دانەیەكیان بژمێرە.

## سەرچاوەکان

* القرآن الكريم

* صحيح البخاري.

* صحيح مسلم.

* سنن الترمذي

* سنن النسائي

* التعريف بالاسلام، مفهومه و أساليبه و وسائله و منهجيته للشيخ الدكتور عبدالله الغامدي.

* موسوعة الفقه الاسلامي لفضيلة الشيخ محمد بن ابراهيم بن عبدالله التويجري.

* فضل الدعوة وثمراتها، معالى الدكتور أحمد بن علي سير المباركي، عضو هيئة كبار العلماء و عض اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء.

* كلنا دعاة، أكثر من (١٠٠٠) فكرة و وسيلة وأسلوب في الدعوة الى الله تعالى، اعداد: عبدالله بن أحمد آل علاف الغامدي.

* القواعد العشر في التحفيز لدعوة غير المسلمين لوليد السحيباني.

* الامر بالمعروف والنهي عن المنكر، أ.د. سليمان بن قاسم بن محمد العيد، شبكة الألوكة.

* فلنعلم أطفالنا دعوة غير المسلمين، د. عبدالله بن ابراهيم اللحيدان، مقال في موقع الألوكة.

* عشرون دليلا على فضل الدعوة للشيخ سلطان بن عبدالله العمري.